# پرۆسەی حوكمڕانی ئەدای حكومەتێكی بەهێز دیاری دەكات



**بارزانی کە هەموو کاتێک لە ژیانی خۆیدا بەرژەوەندیی میللەتی لە سەرووی بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەیرکردووە، دامەزراندنی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی بە گرنگتر زانی، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی (ساڵێک یان دوو ساڵ) ئەزموونی بەدی (٥٠-٥٠)ی قبووڵ کرد**

**بارزانی راشکاوانە رایگەیاندووە، هەر کەس و لایەنێک بیەوێت خۆی بکاتە ئاستەنگ لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی تازەی کوردستان و کارەکانی ببێتە هۆکاری ئەوەی حکومەتی داهاتوو نەتوانێت بڕیارەکانی جێبەجێ بکات و خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات، ئەوا ئەو لایەنە هەر لایەنێک بێت، سنووری بۆ دادەنرێت و رێگەی پێ نادرێت ئەو رۆڵە بە ئاسانی راڤە بکات**

**دیاردەی (دژە دەسەڵات) پرۆسەی حوکمڕانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کوردستان راگرت و دوای ئەویش دیاردەی دوو ئیدارەیی بۆ ماوەی نۆ ساڵ درێژەی کێشا و سەرەنجامیش بۆ ئەوەی دیاردەی (دژە دەسەڵات) کۆتایی بێت، پارتی و یەکێتی رێککەوتنی ستراتیژی (٥٠-٥٠ ) یان ئیمزا کرد**

خەریکە لە پرۆسەی حوکمڕانیدا ئەو سەردەمە کۆتایی دێت کە بیرمەندی ئەڵمانی ئۆلریش بیك ناوی لێناوە: (دژە دەسەڵات - السلگە المچادە)، چەمکی دژە دەسەڵات بەو مانایە بەکار هاتووە کە (گەل دەچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و فەرمانڕەوا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام چەندین بەربەست دروست دەبن کە فەرمانڕەوا نەتوانێت فەرمانڕەوا یی بکات)، ئۆلریش بیك ئەم هزرەی لە لافیتەیەکەوە وەرگرتووە کە نەیارانی جیهانگیری لە خۆپیشانێکدا دژی جیهانگیری بەرزیان کردۆتەوە و نووسیویانە: «دەنگ دەدەین بە فەرمانڕەواییەك کە ناتوانێت حوکمڕانیمان بکات.» دیارە ئەمەش بۆ نەیارانی جیهانگیری مانای ئەوەیە رێکخراوە ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان وەك (بانکی جیهانی، رێکخراوی بازرگانی جیهانی، سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی و... هتد) بە جۆرێك لە چوارچێوەی جیهانگیریدا خۆیان بەسەر دەوڵەتاندا فەرز کردووە، کە فەرمانڕەوا کان دەبێت بەپێی خواستی ئەو رێکخراوە ناحکوومییانە بڕیار دەربکەن، نەك بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەی خۆیان، ئەم حاڵەتە لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورووپاش دژی یەکێتی ئەورووپا دروست بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا دەبێت بڕیارەکانیان بەوجۆرە بێت برۆکسل رازی بکات، نەك نەتەوەکەی خۆیان.

ئۆلریش بیك سەرتاپا جیهانگیری رەتناکاتەوە و لایەنە باشەکانی لەبەر چاو دەگرێت و دەڵێت: «راستە جیهانگیری جیهانی کردۆتە گوندێکی بچووك، بەڵام لەم گوندە بچووکەدا بە ئاسانییش ئەنفلۆنزای بەراز و شێتی مانگا و نەخۆشییەکانی دیکەش بڵاو دەبنەوە، لەم گوندە بچووکەدا رۆژ لەدوای رۆژ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا دەستی کار کەم دەکەنەوە و بێکاری بڵاودەکاتەوە و داهاتی تاکەکەس دێنێتە خوارەوە..»

بەڵام لە دوای هەستکردنی بیك بەم مەترسییە گەورەیەی کە جیهانگیری لەسەر شکۆی دەوڵەت دروستی کردووە، دەبینین دیاردەی (دژە دەسەڵات) سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتانی جیهانی گرتۆتەوە و بە هەمان شێوە چەند خەڵك دەچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و نوێنەر و فەرمانڕەوای خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا، حکومەت ناتوانێت حوکمڕانی بکات، ئەم دیاردەیە پێش ئەوەی لە وڵاتە هەژار و دواکەوتووەکان بە تەواوەتی دەرهاویشتە خراپەکانی دەربکەون، لەوڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا دەرهاویشتە خراپەکانی بە جۆرێك دەرکەوتوون، کە توانای ئەوەی بۆ نەهێشتوونەتەوە لەسەر مەترسییەکانی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی بۆچوونێکی هاوبەش دروست بکەن، یان سەبارەت بە ئایندەی مرۆڤایەتی هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەبێت، ئەم بێباکییەی حکومەت و پەرلەمانەکانی وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، ئەو لایەنانەی پرۆسەی حوکمڕانی ئاراستە دەکەن، کۆمپانیاکان و رێکخراوە ناحکوومییەکان، ئەوانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بیر لە ئایندەی نەتەوەی خۆیان و مرۆڤایەتی ناکەنەوە، بۆیە حکومەتەکانیشیان لێی بێباکن و بیری لێ ناکەنەوە.

لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، یان وڵاتانی دوای شەڕ و هەژاردا، دیسان دیاردەی (دژە دەسەڵات) بۆ رێگرتن لە حوکمڕانیی باش بوونی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم وڵاتانەدا کۆمپانیای گەورە بە هاوشێوەی رۆژئاوا بوونی نییە، هەروەها رێکخراوە ناحکوومییەکان زیاتر رۆڵی پۆلیس دەبینن، نەك راستەوخۆ وەك بازرگان، بۆیە دەبینین لەم وڵاتانەش خەڵك دەچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و نوێنەر و فەرمانڕەوای خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام حزبی فەرمانڕەوا ناتوانێت وەك ئەوەی خۆی مەبەستێتی حوکمڕانی بکات و حزبە سیاسییەکان دەبنە ئەو (دژە دەسەڵات)ەی کە پرۆسەی حوکمڕانی دەخەنە حاڵەتێکی ئەوتۆ کە حکومەت بەو شێوە حوکمڕانی بکات کە حزبەکان مەبەستیانە، نەك ئەوەی گەلەکەی داوای لێدەکات.

ئەم دیاردەیەی (دژە دەسەڵاتە) پێش سەرهەڵدانی دیاردەی جیهانگیری لە کوردستان سەریهەڵداوە و لە یەکەم هەڵبژاردنی رۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ خەڵکی کوردستان بە رێژەی سەرووی ٩٠ ٪ (بێگومان ئەوانەی لە

کوردستان بوون لەو کاتەدا نەك رەوەندی دەرەوەی کوردستان) چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و نوێنەرو فەرمانڕەوای خۆیان هەڵبژارد، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی سندوقەکان و دەرکەوتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، دیاردەی (دژە دەسەڵات) کوردستانی خستە دووڕیانێکەوە، ئەو دووریانەش ئەوە بوو، یان ئەوەیە بەپێی خواستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان حکومەت پێکدەهێنرێت بە (٥٠-٥٠)، یان دەبێت پەنا بۆ شەڕی ناوخۆ بەرین و ئەزموونەکە کۆتایی بێت. بارزانی کە هەموو کاتێك لە ژیانی خۆیدا بەرژەوەندیی میللەتی لە سەرووی بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەیرکردووە، دامەزراندنی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی بە گرنگتر زانی، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی (ساڵێك یان دوو ساڵ) ئەزموونی بەدی ( ٥٠-٥٠)ی قبووڵ کرد، ئەم هەڵوێستەی بارزانی لەلایەن حزبەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە بەرز نرخێندرا و دوای ئەوەی حزبی یەکگرتن (پاسۆك، سۆشیالیست، گەل) کۆنگرەی خۆیان گرێ دا، بڕیاریان دا لەگەڵ یەکێك لە دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی و یەکێتی) تێکەڵاو بن، بۆ ئەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا کامڵ بێت، بێگومان لە نێوان (پارتی و یەکێتی)، حزبی یەکگرتن بڕیاری دا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکبگرێت، ئەم وەرچەرخانە وایکرد، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادەباشی بۆ هەڵبژاردنی دووەمی کوردستان نەبێت، بۆیە کاتێك لە نیسانی ١٩٩٤ پارتی بانگەشەی بۆ هەڵبژاردنی دووەمی کوردستان و راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی کرد، بەڵام لەبری ئامادەباشی بۆ هەڵبژاردن، ئامادەباشی بۆ شەڕی شوومی ناوخۆیی کرا، ئەمجارەیان دیاردەی (دژە دەسەڵات) پرۆسەی حوکمڕانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کوردستان راگرت و دوای ئەویش دیاردەی دوو ئیدارەیی بۆ ماوەی نۆ ساڵ درێژەی کێشا و سەرەنجامیش بۆ ئەوەی دیاردەی (دژە دەسەڵات) کۆتایی بێت، پارتی و یەکێتی رێککەوتنی ستراتیژی (٥٠-٥٠ ) یان ئیمزا کرد و، لەدوای ئەوەی رێککەوتنی ستراتیژی تا رادەیەکی زۆر باش دیاردەی (دژە دەسەڵات)ی کۆتایی پێهێنا، بەڵام دیسان هەڵکشانی ئاستی جەماوەری پارتی بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی دەستبەرداری رێککەوتنی ستراتیژی بێت، بۆیە وێڕای هەموو هەوڵەکان، هەتا ئێستاش دیاردەی (دژە دەسەڵات و رێگرتن لە حوکمڕانیی باش) لەکوردستاندا دیاردەیەکی زەقە و زەحمەتە بە ئاسانی چارەسەر بکرێت.

گەلی کوردستان وێڕای نالاندنی بەدەست دیاردەی (دژە دەسەڵات)ەوە لە حوکمڕانیی کوردستان و بێبەشبوونی لەو حوکمڕانییە باشەی کە شایستەیانە، راستە لە هەموو ئەو لایەنانە نائومێد بووە کە بوونە دروستکەری دیاردەی (دژە دەسەڵات) و لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی رابردوو بە بەشدارینەکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگ پێ نەدانیان راشکاوانە سزای ئەو لایانەی داوە و لە بەرامبەریشدا خەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە کە لە رێژەی ٥٠٪ نزیکی کردۆتەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە پێناچێت ئێستاش ئەو لایەنانەی پێشتر دروستکەری دیاردەی (دژە دەسەڵات) بوون، بە ئاسانی رێگە بدەن پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان بەو شێوەیە راستبکرێتەوە کە گەلی کوردستان نەخشەکەی دارشتووە، بەڵکو هێشتا هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە حکومەت بە خواستی حزبە سیاسییەکان دابمەزرێت و بە خواستی حزبە سیاسییەکان هەڵبسوورێت، نەك بەرژەوەندی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان.

لە حاڵەتی رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتان لەگەڵ دیاردەی (دژە دەسەڵات)دا، بەشێك لە دەوڵەتانی خاوەن ئەزموون بەبێ گوێدانە هیچ شتێك، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییان خستۆتە سەرووی دیاردەی (دژە دەسەڵات)، لایەنەکانی دیاردەی (دژە دەسەڵات) کۆمپانیا گەورە فرە نەتەوەکان بووبن، یان رێکخراوە ناحکوومییە جیهانییەکان، یان تەنانەت ئەگەر حزبە سیاسییەکانی وڵاتیش بووبن، لە بری ئەوەی لەگەڵ ئەو لایەنانە قسە بکەن و رازییان بکەن، هاتوون راشکاوانە لەگەڵ گەلی خۆیان قسەیان کردووە و لە خەڵکی خۆیان پرسیوە، بە قسەی ئەو لایەنانە بکەین، یان فەرامۆشیان بکەین؟ ئەگەر گەل فەرمانی دابێت، فەرامۆش بکرێن،

**هەڵکشانی ئاستی جەماوەری پارتی بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی دەستبەرداری رێککەوتنی ستراتیژی بێت، بۆیە وێڕای هەموو هەوڵەکان، هەتا ئێستاش دیاردەی (دژە دەسەڵات و رێگرتن لە حوکمڕانیی باش) لەکوردستاندا دیاردەیەکی زەقە و زەحمەتە بە ئاسانی چارەسەر بکرێت**

**پێناچێت ئێستاش ئەو لایەنانەی پێشتر دروستکەری دیاردەی (دژە دەسەڵات) بوون، بە ئاسانی رێگە بدەن پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان بەو شێوەیە راستبکرێتەوە کە گەلی کوردستان نەخشەکەی دارشتووە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پارتی فەرمانڕەوا و لایەنی سەرەکی لە حوکمڕانیی کوردستاندا بە تەواوەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر دیاردەی (دژە دەسەڵات) کۆتایی پێنەهێنرێت، ئەوا پرۆسەی حوکمڕانی هەر بەلارێدا دەڕوات، هەر حکومەتێکیش لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە حوکمڕانییە ناتەندروستەدا پێکبهێنرێت، ئەوا نە دەتوانێت بڕیاری دروست دەربکات، نە دەشتوانێت وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان بێت**

**هەتا ئێستا دیاردەی (دژە دەسەڵات) تەنیا هێندەی پێکراوە پرۆسەی حوکمڕانیی تازە و پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوا بخات**

**هەتا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەڵنەبژێردراوە و هەر بەتەمەنترین پەرلەمانتار سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانەوە هەڵنەبژێردراوە، هەتا کاندیدی سەرۆک وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی رابسپێرێت**

**ئەگەر ئەم حاڵەتی دواخستنی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتە لەمە زیاتر درێژەی کێشا، دەبێت لەلایەن پارتییەوە ئەو نیگەرانییە بەهەند وەربگیرێت و لەگەڵ گەلی کوردستان دیالۆگێکی راستەوخۆ دەست پێبکات، لەم دیالۆگەشدا راشکاوانە پارتی فەرمانڕەوا بە پشتیوانی گەلەکەی سنوورێك بۆ دیاردەی (دژە دەسەڵات) دابنێت**

ئەوا حکومەتی سەرکەوتوو ئەوەیە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات، بەڵام ئەو دەوڵەتانەشی لەبەر هەر هۆکارێك بوو بێت، هەوڵی دابێت لایەنەکانی (دژە دەسەڵات) رازی بکات و خواست و ئیرادەی گەلەکەی بخاتە خوار لایەنەکانی (دژە دەسەڵات)ەوە، ئەوا حاڵی ئێستای دەوڵەتێکی وەك فەرەنسایە کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە یەکێتی ئەوروپا رازی بکات، بەڵام وەڵامی خواست و داواکاریی هاووڵاتیانی خۆی پێ نادرێتەوە.

## ● دیاردەی (دژە دەسەڵات) و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لە کوردستاندا

پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵەکانی ئەمجارەی بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، هەمان چەمکەکەی ئۆلریش بیك دیاردەی (دژە دەسەڵات) بە جۆرێکی دیکە دووپات دەکاتەوەو کردوویەتی بە دروشمێکی گرنگ بۆ (کوردستانێکی بەهێز و حوکمڕانییەکی بەهێز)، بۆ ئەمەش داوای سەرەکی پارتی ئەوەیە (نابێت حزبەکان بەیانیان لە حکومەت هاوبەش و بەشدار بن و ئێواران و شەوانیش لەسەر شاشەی تیڤییەکان دژی دەسەڵات بن).

کەواتە ئەم دروشمەی پارتی وەك بازنەیەك بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی، ئەوە نییە کاری چاودێری سیاسی، یان هەر کەسێکی دیکەی ئاسان کردووە کە بیەوێت لەوە تێبگات کە ئەم دروشمەی پارتی مانای چییە؟ بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم دروشمە ئەوەمان پێدەڵێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتی فەرمانڕەوا و لایەنی سەرەکی لە حوکمڕانیی کوردستاندا بە تەواوەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر دیاردەی (دژە دەسەڵات) کۆتایی پێنەهێنرێت، ئەوا پرۆسەی حوکمڕانی هەر بەلاڕێدا دەڕوات، هەر حکومەتێکیش لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە حوکمڕانییە ناتەندروستەدا پێکبهێنرێت، ئەوا نە دەتوانێت بڕیاری دروست دەربکات، نە دەشتوانێت وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان بێت.

هەتا ئێستا دیاردەی (دژە دەسەڵات) تەنیا هێندەی پێکراوە پرۆسەی حوکمڕانیی تازە و پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوا بخات، بۆ نموونە هەتا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەڵنەبژێردراوە و هەر بەتەمەنترین پەرلەمانتار سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانەوە هەڵنەبژێردراوە، هەتا کاندیدی سەرۆک وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی رابسپێرێت، خەڵکی کوردستان راستە لە دواکەوتنی دەست بەکار بوونی پرۆسەی حوکمڕانیی تازە و پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت نیگەرانن، بەڵام ئەم نیگەرانییە پێویستی بەوە هەیە، پارتی فەرمانڕەوا کە پارتی دیموکراتی کوردستانە بە هەند وەری بگرێت، واتە ئەگەر ئەم حاڵەتی دواخستنی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت لەمە زیاتر درێژەی کێشا، دەبێت لەلایەن پارتییەوە ئەو نیگەرانییە بەهەند وەربگیرێت و لەگەڵ گەلی کوردستان دیالۆگێکی راستەوخۆ دەست پێبکات، لەم دیالۆگەشدا راشکاوانە پارتی فەرمانڕەوا بە پشتیوانی گەلەکەی سنوورێك بۆ دیاردەی (دژە دەسەڵات) دابنێت.

ئەوەی هەتا ئێستا لە هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لایەنی سەرەکی لە پرۆسەی حوکمڕانی و لایەنی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتوو دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە پرسی پێکهێنانی کابینەی داهاتوو بەراورد بە رێکخستنەوەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، پرسێکی هێندە ئاڵۆز نییە کە نەتوانرێت یەکلایی بکرێتەوە، ئەم نەرمی نواندنەی پارتییش لە پێناوی راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، هیچ بیانوویەکی بۆ ئەو لایەنانە نەهێشتۆتە کە پێشتر لە بازنەی دیاردەی (دژە دەسەڵات)دا خۆیان پێناسە دەکرد، بەڵام بیانووی دیکەیان بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم دواییەدا ئەوە بوو (کە وەك باس دەکەن لە دوایین کۆبوونەوەی ئەمجارەی نێوان پارتی و یەکێتی ئەوەش چارەسەر کرابێت) کە دەبێت، دۆسیەی پرۆسەی حوکمڕانی و پێکهێنانی کابینەی تازە لە هەرێمی کوردستان، گرێبدرێتەوە بە کێشەی کەرکووك و بەغداوە، کە ئەمە بەڕاستی بێجگە لەوەی ناویان لێناوە

دیاردەی (دژە دەسەڵات) هیچ پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرێت و پێمان دەڵێت: سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا لەو ئاستەدایە کە لایەنێك لەدەرەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەیەوێت هەر لەسەرەتاوە بە ئاراستەی دژ و هەڵە پرۆسەی حوکمڕانی ئاراستە بکات.

هەندێك لایەنی دیکە کە هەر لەسەرەتاوە وەك لایەنی (دژە دەسەڵات) خۆی ڕاگەیاندووە، نەك ئۆپۆزسیۆن، بە ڕاستییش نەیشاردۆتەوە پێش ئەوەی پرۆسەی حوکمڕانی دەست بەکاربێت، بە فەرمی و لەناو کەناڵەکەیەوە پرۆڤەی دیاردەی (دژە دەسەڵات) دەکات، کە ئەویش ئەو گرووپەن کە ناویان لە خۆیان ناوە (نەوەی نوێ)، بەڵام پرسیاری گرنگ سەبارەت بە چەمکی نەوەی نوێ ئەوەیە، ئایا نەوەی نوێ دەبێت بەشێك بێت لە دیاردەی (دژە دەسەڵات)، یان دەبێت نەوەی نوێ داینەمۆی دەسەڵاتێکی بەهێز بێت لە پێناوی حوکمڕانییەکی باشدا؟ ئەوجا لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە ئەو زۆنەی یەکێتی بانگەشەی بۆ دەکات و بە ئاشکرا دەڵێت: «یەکێتی ئەگەر یەك کورسیش بێنێت، هەر زۆنی خۆی هەیە..»، ئێستا ئەو زۆنە بۆ گەشەکردنی دیاردەی (دژە دەسەڵات) خاکێکی بەپیتە، بۆیە ئەگەر ئەو زۆنە هەر وەك خاکێکی بەپیت دیاردەی دژە دەسەڵات) تیایدا گەشە بکات، پرسیار ئەوەیە ئەگەر یەکێتی ببێتە هاوبەشێکی سەرەکییش لە پرۆسەی حوکمڕانی و پێکهێنانی کابینەی نوێدا، ئایا خۆیشی هەر ڕۆڵی لایەنی (دژە دەسەڵات) نابێت؟

ئەم مەترسییانە لە پرۆسەی حوکمڕانییە دەوڵەتانی جیهان بەشێوەیەکی گشتی و دەوڵەتانی باشووری هەژارنشین وەك پێویست لە سەرەتاوە هەوڵنەدراوە بەری پێ بگیرێت و ڕاست بکرێتەوە، تەنانەت سیاسی و دەوڵەتمەدارەکانی وڵاتیش هەتا دەرهاویشتەکانی نەگاتە ئەو ئاستەی چارەنووسی نەتەوە دەخاتە مەترسییەوە، هەڵوەستەی جددی لەسەر ناکەن و هەڵوەستەی جددییان لەسەر نەکردووە، هەر بۆ نموونە ئەمریکا هەڵوەستەی جددی لەسەر دیاردەی دژە دەسەڵات (کە ئەوان پێی دەڵێن: دەوڵەتی قووڵ) نەکرد، هەتا کار گەیشتە ئەوەی بەشێکی زۆر لە بیرمەندانی سیاسەت نووسییان: (سەدەی ئەمریکا) کۆتایی هات، یان نووسییان: (سوپایەکی نەبینراو چۆن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای ڕووخاند، بە هەمان شێوە ئیمپراتۆریەتی ئەمریکاش دەڕووخێنێت..)، ئەمە سەبارەت بە هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپاش ڕاستە کە ئێستا بەشێکیان خەریکە هەڵوەستەی لەسەر دەکەن و بەشێکیشیان هەر بە ئاوازە کۆنەکەی سەردەمی جیهانگیری دیاردەی (دژە دەسەڵات) فەرامۆش دەکەن، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دیاردەی پۆپۆلیستی زیاد دەکات و داهاتی تاکەکەس دێتە خوارەوە و خەڵك لە سیستەمە دیموکراتییەکان دوور دەکەوێتەوە.

گرنگە ئەو دەرهاویشتە خراپانەی دیاردەی (دژە دەسەڵات و دەوڵەتی قووڵ) لەسەر تەواوی دەوڵەتانی جیهانی ڕۆژئاوای دروستی کردووە، وانەو پەندی بەسوود بن بۆ ئێمە لەو کاتەی هەولەکان هەموویان بۆ ئەوە خراونەتەگەڕ کە پرۆسەی حوکمڕانی ڕاست بکرێتەوە، هەر بۆ نموونە تەنیا دوو ڕۆژ پێش دەستپێکردنی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس، دۆناڵد ترەمپ سەفەری شاندی ئەمریکای بۆ ئەو کۆڕبەندە هەڵوەشاندەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا (حزبی دیموکراتی ئەمریکا) ڕۆڵی لایەنی دژە دەسەڵات لەناو حکومەتی ئەمریکا دەگێڕێت و هەتا ئێستا نەتوانراوە بودجەی ٢٠١٩ پەسەند بکرێت و زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کارمەندی ئەمریکا مووچەی وەرنەگرتووە و حکومەت کارەکانی هەمووی ڕاگیراوە، کە ئەم دیاردەیە لە هەردوو ئیدارە ئۆباماشدا بوونی هەبوو، ئەوکات حزبی کۆماریی ئەمریکا ڕۆڵی لایەنی (دژە دەسەڵات)ی دەگێڕا، ترەمپ بەنیاز بوو ئەم دیاردەیەش بنبڕ بکات، بەڵام ڕۆڵی میدیای چەواشەکار و کارەکتەرە باڵاکانی (دەوڵەتی قووڵ) لەناو ئیدارەی ترەمپدا وایکرد کە لە هەڵبژاردنەکانی نیوەی یەکەمی سەنات و کۆنگرێس، دیموکراتیەکان ببنە زۆرینە، بۆیە ئێستا ئەو ڕۆڵە دژە دەگێڕن کە ساڵی یەکەم و دووەمی ئیدارە ترەمپدا بوونی نەبووە.

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە ڕاشکاوانە لە خۆمان بکەین و ڕاشکاوانەش لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بەدوای وەڵامەکەیدا ویڵ بین، ئەگەر دیاردەی (دژە دەسەڵات و دەوڵەتی قووڵ) بەو

**ئەوەی هەتا ئێستا لە هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک لایەنی سەرەکی لە پرۆسەی حوکمڕانی و لایەنی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتوو دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە پرسی پێکهێنانی کابینەی داهاتوو بەرارود بە ڕێکخستنەوەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، پرسێکی هێندە ئاڵۆز نییە کە نەتوانرێت یەکلایی بکرێتەوە**

**سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا لەو ئاستەدایە کە لایەنێک لەدەرەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەیەوێت هەر لەسەرەتاوە بە ئاراستەی دژ و هەڵە پرۆسەی حوکمڕانی ئاراستە بکات**

**ئایا نەوەی نوێ دەبێت بەشێک بێت لە دیاردەی (دژە دەسەڵات)، یان دەبێت نەوەی نوێ داینەمۆی دەسەڵاتێکی بەهێز بێت لە پێناوی حوکمڕانییەکی باشدا؟**

**ئەو زۆنەی یەکێتی بانگەشەی بۆ دەکات و بە ئاشکرا دەڵێت: «یەکێتی ئەگەر یەک کورسیش بێنێت، هەر زۆنی خۆی هەیە..»، ئێستا ئەو زۆنە بۆ گەشەکردنی دیاردەی (دژە دەسەڵات) خاکێکی بە پیتە**

ئاستە مەترسیدارن کە توانای ئەوەیان هەبێت حکومەتێکی بەهێزی وەك حکومەتی ئەمریکا پەکبخەن، ئایا ئەگەر ئەم دیاردەیە لە سەرەتاوە لە پرۆسەی دارِشتنەوەی حوکمڕانی تازە و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان سنووری بۆ دانەنرێت و رێگەی لێ نەگیرێت، چ ئاکامێکی نەرێنی دەبێت؟

لەوانەیە لەسەرەتاوە هەنگاو هەڵگرتن بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی (دژە دەسەڵات، یان دەوڵەتی قووڵ) زۆر بە مەترسیدار سەیر بکرێت و مەزندەی دەرهاویشتەی زۆر خراپی لێ بکرێت، هەتا ئەو ئاستەی کە بڵێین هەر دەستکاری نەکەین باشترە، بەڵام دەستکاری نەکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی وەك چارەنووسی ئیدارە ئۆباما لێدەکات و دەست بۆ بردنیشی دیاردەی ترەمپ بەرهەم دەهێنێت، ئەوەی لەسەر دژایەتیی شێوازی حوکمڕانیی ترەمپ دەنووسرێت و لە میدیای چەواشەکاردا گەورە دەکرێت، لەوانەیە لەسەردەمی هیچ سەرۆکێکی ئەمریکادا بەوجۆرە دامەزراوەکانی دەوڵەت دژایەتی سەرۆکی خۆیان نەکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ترەمپ بە راشکاوی دەرهاویشتە خراپەکانی دیاردەی (دژە دەسەڵات و دەوڵەتی قووڵی) بینیوە، دەزانێت ئەو لایەنانەی رۆڵی (دژە دەسەڵات) دەگێڕن، هەرچی بکەن، دەرهاویشتەی کارەکانیان لە دەرهاویشتەی دژە دەسەڵات مەترسیدارتر نابێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەگشتی و شەخسی بارزانی زۆر ئازاری بەدەست دیاردەی دژە دەسەڵاتەوە لە کوردستان چەشتووە و زۆریش



ویژدانی ئازاری دەدات کە نەیتوانیوە کۆتایی بەم دیاردەیە بێنێت و پرۆسەی حوکمڕانی بخاتەوە سەر راستە رێی خۆی و حکومەت لە ئاستی خواست و پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت، باش گەیشتۆتە قەناعەت هیچ دەرهاویشتەیەك هێندەی دەرهاویشتەی دیاردەی (دژە دەسەڵات) مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دروست ناکات، بۆ ئەمەش بارزانی راشکاوانە رایگەیاندووە، هەر کەس و لایەنێك بیەوێت ئەو رۆڵە بگێڕێت و خۆی بکاتە ئاستەنگ لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی تازەی کوردستان و کارەکانی ببێتە هۆکاری ئەوەی حکومەتی داهاتوو نەتوانێت بڕیارەکانی جێبەجێ بکات و خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات، ئەوا ئەو لایەنە هەر لایەنێك بێت، سنووری بۆ دادەنرێت و رێگەی پێ نادرێت ئەو رۆڵە بە ئاسانی راڤە بکات.

ئەم تێگەیشتنەی بارزانی بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی داهاتوو لە کوردستاندا، تێگەیشتنە لەو راستییەی ئەگەر پرۆسەی حوکمڕانی نەیتوانی بەشێوەیەکی تەندروست راستبکرێتەوە، ئەوا نە پەرلەمان پەرلەمان دەبێت و نە حکومەت حکومەت، لەسەرووی ئەمانەشەوە هەرگیز یاسا سەروەر نابێت، بۆیە بۆ ئەوەی یاسا لە کوردستاندا سەروەر بێت، هیچ رێگەیەك لەبەردەم حکومەتی کوردستاندا نییە، بێجگە لەوەی دەبێت بە یاسا دیاردەی دژەدەسەڵات بنبڕ بکات، بۆ ئەوەی یاسا لەکوردستاندا سەروەر بێت.

**ئەگەر دیاردەی (دژە دەسەڵات و دەوڵەتی قووڵ) بەو ئاستە مەترسیدارن کە توانای ئەوەیان هەبێت حکومەتێکی بەهێزی وەک حکومەتی ئەمریکا پەکبخەن، ئایا ئەگەر ئەم دیاردەیە لە سەرەتاوە لە پرۆسەی دارشتنەوەی حوکمڕانی تازە و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان سنووری بۆ دانەنرێت و رێگەی لێ نەگیرێت، چ ئاکامێکی نەرێنی دەبێت؟**





**پەرلەمانتار د. ئەحمەد سەفار**

**ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# هەوڵدەدەین مەسەلەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکانەوە نەبەسترێتەوە

**ئاشکرایە لە ئێستادا گفتوگۆیەکی زۆر بەڕێوەدەچێت لەبارەی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی ٢٠١٩ی عێراق، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە و چاککردنی چەند پێشێلکارییەکی دیکەی دەستووری؛ ئێستا لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق سەرقاڵی کۆبوونەوەو گفتوگۆکردنە لەسەر ئەم پڕۆژەیە یاسایە. هەموو ئەوانە بوونە تەوەری دیداری گوڵان لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد سەفار ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

*** وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بە درێژایی ئەم دوو هەفتەیە گفتوگۆو کۆبوونەوەتان لەگەڵ سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت کردووە؛ دەکرێت بزانین دواپێشهاتەکانی قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر پرسی بودجە بەکوێ گەیشتووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بودجە بە کۆمەڵێك کەموکورتی و هەڵەوە لەلایەن حکومەتی پێشووی کار بەڕێکەرەوە دانراوە؛ لە کاتێکدا نەدەبوو بەو هەموو هەڵەو کەموکورتییەوە بودجە بۆ پەرلەمان بەرز بکرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بودجەکە گوزارشت لە بەرنامەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ناکات و لە ئاست داواکاری و پێداویستییەکانی ناوچە وێرانبووەکانی شەڕ و پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان و عێراقدا نییە، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی موسڵ و رومادی و تکریت و دیالە و کەرکووك، هاوکات بەپێی پێویستیش گرنگیی بە ناوچە کوردستانییەکان نەدراوە. لەمەش گرنگتر لەساڵی ٢٠١٤وە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەکەدا نەنێردراوە، قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر بودجە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پشکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، پێویستی بە دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و دۆخێکی سەقامگیریی سیاسییەوە هەیە، بەهەستکردن بەم بەرپرسیارێتییە مێژوویییە جەنابی سەرۆك بارزانی هاتە بەغدا و زنجیرەیەك چاوپێکەوتن و گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردەو سەرۆکەکانی سوننەو شیعە ئەنجام دا، ئەمەش کاریگەریی ئیجابی هەبوو لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخەکەی نێوان هەرێم و بەغدا، تەنانەت دەرگای گفتوگۆو هاریکاریی نێوان هەردوو لا کرایەوە تاوەکو بتوانین بەهەمووان لەکەش و هەوایەکی هێمن و دۆستانەدا گفتوگۆ لەسەر داخوازییەکانی گەلی کوردستان بکەین، لەناویانیشدا پرسی پشکی کوردستان لە بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٩ی عێراق. ئەوە بوو دووبارە پڕۆژە یاساکە بۆ حکومەت گەڕێندرایەوەو توانرا چەند بڕگەیەك دەستکاری بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگەو گۆڕینی ناوی پارێزگاکانی کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە ٨ی ئەم مانگەوە تا ئێستا لە پەرلەمانی عێراق لە کاتژمێر ٨ی بەیانییەوە تاکو ٧ی شەو بە بەردەوام گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر هەموو ئەو ماددەو بڕگانە دەکەین کە پارەی بۆ تەرخان کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتمان کردووە، تاوەکو کۆنتڕۆڵی هەموو ئەو خەرجییانە بکەین کە لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتەوە سەرف دەکرێت، هاوکات ئەو بڕگانەشمان تاوتوێکردووە کە پەیوەندیان بە بونیاتنانی ناوچە رزگارکراوەکان و داواکاری خۆپیشاندەرانەوە هەیە، بەپێی توانا هەوڵ دەدەین هیچ بوارێك لە بودجەکەدا پشتگوێ نەخەین، بەو ئومێدەی لە ماوەیەکی نزیکدا بتوانین لە هۆڵی پەرلەمان دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە ئەنجام بدەین و بە زۆرینەی دەنگ بودجەی گشتی ٢٠١٩ی عێراق ببێتە یاسا و هەمووان پێوەی پابەند بن.

*** وەکو پەرلەمانتارێك و شارەزایەکی ئابووری پرسی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و مەسەلەی جێگیرکردنی ئەو بڕگەیەی تایبەتە**

**بودجەکە گوزارشت لە بەرنامەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ناکات و لە ئاست داواکاری و پێداویستییەکانی ناوچە وێرانبووەکانی شەڕ و پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان و عێراقدا نییە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی هاتە بەغدا و زنجیرەیەک چاوپێکەوتن و گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردەو سەرۆکەکانی سوننەو شیعە ئەنجام دا، ئەمەش کاریگەریی ئیجابی هەبوو لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخەکەی نێوان هەرێم و بەغدا**

**بە مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە بەکوێ گەیشتووە؟**

- ڕێکەوتنێکی سەرەتایی لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراقدا هەیە، بۆ ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بگاتە ١٠ تریلیۆن بەو مەرجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە رادەستی حکومەتی عێراق بکات، ئێمە هەوڵدەدەین بەوەی بڕە پارەی پێویست بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەوە بە جیا لە پشکی هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت و لایەنی بەغدا پابەند بکرێت بە جێبەجێکردنی، واتا ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك نەتوانرێت پابەندی مەرجی ناردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بین، ئەوا کار بکەین بۆ ئەوەی بەغدا مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە بنێرێت، واتە مەسەلەی مووچەی فەرمانبەران نەبەسترێتەوە بە ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکانەوە، هەموو کوتلە کوردییەکانیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەوڵی ئەوەدان ئەم ماددەیە لە پەرلەمان تێپەڕێنین، لەمەشدا ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی کورد هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەکەدا زیاد بکەین لە ڕێگەی دەستکاریکردنی هەندێك بڕگە و ماددە لە بەرژەوەندیی بەرزکردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی بۆ هەرێمی کوردستان دێت.

*** ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی پەرلەمانتاران و کوتلە عەرەبییەکان لەناو پەرلەماندا لەسەر پرسی پشکی کورد لە بودجەکە و جێگیرکردنی ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە مووچەی فەرمانبەران و مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و جیاکردنەوەی لە پشکی هەرێم لە بودجەکە چۆنە؟**

- من وەکو سەرۆکی کاتیی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان و ئەندام لەو لیژنەیەدا بە پاڵپشتی وەزیری دارایی و پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دیکەی کورد، هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ناچارکردنی پەرلەمان و حکومەتی عێراق بە پابەندبوونیان بە ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم، بەڕێز فوئاد حوسێن وەکو وەزیری دارایی لە حکومەتی عێراق خاڵی باشی لە پڕۆژە یاسای بودجەکە زیاد کرد، ئەوەی دەمێنێتەوە لە پەرلەمانی عێراق و بەهاوکاری دۆستەکانمان ئەوەیە کوتلە عەرەبیەکان ناچار بکەین بەوەی دژی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو بڕگەیە ڕانەوەستن کە تایبەتە بە موچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە بەتایبەتی کە هەرچی لایەنی عەرەبی و کوتلەکانی ناو پەرلەمان هەیە، زۆر جەخت لەسەر ناردنی ئەو بڕە نەوتە دەکەن و لەمەدا سوورن لەسەر ڕای خۆیان کە ئەگەر ئەو بڕە نەوتە رادەستیان نەکرێت، ئەوان پابەندی ناردنی بەشە بودجەی هەرێم نابن. ئەوەی لەسەر ئێمەیە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەوڵی خۆمان دەدەین، بەڵام ئەمە پێویستی بە تەوافوقی سیاسی و ڕێکەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق و نێوان سەرۆکی کوتلە سیاسییەکان هەیە، ڕێککەوتن بۆ دەنگدان بەو ماددە و بڕگانەی تایبەتن بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەوە.

*** سەرەتای قسەکانت باسی کەموکورتییەکانی بودجە و هەوڵەکانی راستکردنەوەی هەندێك ماددە و بڕگەی ناو پڕۆژەکەت کرد، دەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو ماددە و بڕگانە چین کە توانراوە لە پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق چاك بکرێتەوە؟**

- وتووێژ و گفتوگۆکانمان لەناو لیژنەی پەرلەمان لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ئەوەیە لەهەندێك بڕگەدا کە پێویستی بە پارەی زۆر نییە کەم بکرێتەوەو هەندێك بڕگەو داواکاریی دیکە زیاد بکرێت، بۆ نموونە پارەی زیاتر تەرخان بکەین بۆ ئەو ناوچە و شوێنانەی شەڕ وێرانی کردووە، یاخود بەهۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە، هاوکات ڕەچاوی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانیش بکەین، خۆشبەختانە هەندێك لەو خاڵانەی بودجەکە کە تایبەت بووە بە پێشێلکاری دەستووری بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان چاککراوەتەوە، وەکو ناوهێنانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بری هەرێمی کوردستان، هەروەها جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە بودجەکەدا زۆر تەئکید لەسەر بودجەی وەبەرهێنان بکرێت، لەبری ئەوەی جەخت لەسەر بودجەی بەکارخستن بکرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی چەند تێبینی و سەرنجێك لەسەر خەرجی حاکیمەکان

**بەڕێز فوئاد حوسێن وەکو وەزیری دارایی لە حکومەتی عێراق خاڵی باشی لە پڕۆژە یاسای بودجەکە زیاد کرد، ئەوەی دەمێنێتەوە لە پەرلەمانی عێراق و بەهاوکاری دۆستەکانمان ئەوەیە کوتلە عەرەبییەکان ناچار بکەین بەوەی دژی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو بڕگەیە ڕانەوەستن کە تایبەتە بە موچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە**

**هەندێک لەو خاڵانەی بودجەکە کە تایبەت بووە بە پێشێلکاری دەستووری بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان چاککراوەتەوە، وەکو ناوهێنانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بری هەرێمی کوردستان**

**بڕی ٥٠ ملیار دۆلار تەرخانکراوە بۆ لیژنەی دارایی ماددەی ١٤٠ و حکومەتی عێراقیش داوای لیستی مووچەخۆران و فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە**



و هەڵکشانی خەرجییە سیادییەکانەوە هەیە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا بڕی ٥٠ ملیار دۆلار تەرخانکراوە بۆ لێژنەی دارایی ماددەی ١٤٠ و حکومەتی عێراقیش داوای لیستی مووچەخۆران و فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە.

*** لە دۆخێکی وا ناجێگیری بەهای نەوت و ناسەقامگیری سیاسیدا ئایا لەرووی ئابوورییەوە حکومەت دەتوانێت پابەندی جێبەجێکردنی هەموو ماددەو بڕگەکانی ناو پرۆژە یاساکە بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، چونکە پرۆژە یاسای بودجە جگە لەوەی دەبێت گوزارشت لە بەرنامەو پلانی حکومەت بکات، زۆر پێویستیشە هەمووان پێوەی پابەند بن، بودجەکە بودجەیەکی «رەیعی»یە واتا پشتی بە داهاتی فرۆشتنی نەوت بەستووە، کە هەر بەرمیلێك نەوتی خاو بە نزیکەی ٥٦ دۆلار لە بودجەکەدا هەژمار کراوە، هاوکات کورتهێنانی تێدایە، ئەگەرچی ئەوەی لە میدیاکانەوە باسی دەکرێت کورتهێنانی راستەقینە نییە، چونکە بەهای بەرمیلێك نەوت لەبازاڕە جیهانیەکاندا جێگیر نییە، بۆیە زەحمەتە بتوانرێت لەسەر ژمارەیەك رێکبکەوین بۆ دیاریکردنی ئاستی کورتهێنانەکەی بودجە، هەوڵێکیش هەیە بۆ راستکردنەوەی باڵانسی نێوان بودجەی بەکارخستن و بودجەی وەبەرهێنان. ئەوەی تایبەتیشە بە پشکی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێمەوە پێویستە ئەو راستییە بزانین کە مەسەلەکە زیاتر ناردنی ئەو شایستە دارایی و پارەیەیە نەك رێژەی ١٢٪ و ١٤٪ و ١٧٪ چونکە هەموو ئەم رێژانە لەسەر بنەمای یاسایی نین و قسەکردن لەسەری لەلای عەرەب زۆر هەستیارە، پێویستە ئەوەش بزانین کە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە لە عێراق سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان نەکراوە، هەر بۆیە هەوڵ دەدەین هیچ بوارێك لە بودجەکەدا فەرامۆش نەکەین، رەنگە نەتوانرێت دەستکاری بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام بە دەستکاری هەندێك بڕگە و جیاکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە لە مەرجەکانی بەغدا بۆ ناردنی بڕە بودجەی پێویستی کوردستان دەتوانین سوود وەربگرین، گرنگ ئەوەیە بڕێکی باشی پارە بچێت بۆ هەرێمی کوردستان و هەموو حزب و کوتلە کوردستانییەکانیش بتوانن ئەو بڕگەو ماددانە جێگیر بکەین کە لەبەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە، بەتایبەتی مەسەلەی جیاکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە لە مەرجی ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان، لەکۆتاییشدا گفتوگۆکردن و بەدەستهێنانی مافەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵ بەتایبەتی ماف و شایستە داراییەکانی بەستراوەتەوە بەو ژینگە سەقامگیرو دۆخەی لەنێوان هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان هەیە، پێویستە هەردوو حکومەت رێکبکەون لەسەر پرسی نەوت و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و پشکی کورد لە بودجەی گشتیی عێراق و ژمارەی فەرمانبەران و پێشمەرگە.

**رەنگە نەتوانرێت دەستکاری بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام بە دەستکاری هەندێک بڕگە و جیاکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە لە مەرجەکانی بەغدا بۆ ناردنی بڕە بودجەی پێویستی کوردستان دەتوانین سوود وەربگرین**

# کاتێک بە (سیستمی نوێی جیهان) دەگوترێت سیستمە کۆنەکە قۆناخی داگیرکاری کۆتایی دێت و پەراوێزخستن دەست پێدەکات





**کۆتایی شەڕی دژی داعش لە بەرەی کوردستانەوە لە رۆژی ٢٠ی ١١ی ٢٠١٦ لەلایەن سەرۆک مسعود بارزانی-یەوە راگەیەندرا، بەڵام لە بەرەی عێراقەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ راگەیەندرا، کە بە کردەیی تا ئێستاش شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە، لە سووریاش هەتا ئێستا شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە**

**ئەم ناسەقامگیری و ئاژاوە گەورەیە کە لە پاکستانەوە هەتا نەیجیریای گرتەوە، کەوانەیەکی دروستکرد کە ناویان لێنا: «کەوانەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان»**

یۆرام هازۆنی کە بیرمەندێکی جووە، لە کتێبی (بەها باڵاکانی ناشنالیزم) کە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت: «ئەگەر دۆناڵد ترەمپ نەگەڕایەتەوە بۆ ناشنالیزم و دروشمی (ئەمریکا یەکەم — American First) بەرزنەکردایەتەوە، ئەم کتێبە نەدەنووسرا، یان لەدایك نەدەبوو.» لەبەرامبەر ئەمەشدا دیسان فرانسیس فۆکۆیاما کە ئەویش هەر بیرمەندێکی ناسراو و گەورەیە، لە کتێبی (ناسنامە: پێداگری لەسەر کەرامەت و سیاسەتی تووڕەیی و بێدەنگنەبوون) کە لە سێپتەمبەری نووسیویەتی: ئەگەر دۆناڵد ترەمپ نەبوایە بە سەرۆکی ئەمریکا و هەموو دامەزراوە دیموکراتییەکانی بێ بەها نەکردایە، ئەوا ئەم کتێبەش نەدەنووسرا، یان لەدایك نەدەبوو. هزری هەردوو کتێبەکەش ئاسمان و رێسمان لێك دوورن و هەردووکیان بە دوو شێوازی زۆر لێکجیاواز شرۆڤەی دیاردەی بوونی ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا دەکەن. هازۆنی بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و کۆتاییهاتنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی وەك سیستمێکی گلۆباڵی دەکات، لەبەرامبەردا فۆکۆیاما کۆتاییهاتنی ئەم سیستمە بە سووکایەتیکردن بە کەرامەتی مرۆڤ دەزانێت و شیوەنی بۆ دەگێڕێت.

لە نێوان ئەم دوو بیرمەندە لێکجیاوازەدا، جۆن میرشامێر کە ئەویش بیرمەندێکی گەورەی ئەمریکایە، هەر لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨ کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (گەورەترین وەهم: خەونی لیبراڵیزم و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی خۆم هاووڵاتییەکی ئەمریکام و شانازی بە سیستمی دیموکراتی و تاکگەرای (Individualism) یەوە دەکەم و بە باشترین سیستمی دەزانم، بەڵام ئەگەر لیبراڵیزم بکرێتە ئایدیۆلۆژیەتێکی جیهانی و هەوڵبدرێت لەسەر هەموو کۆی زەوی کۆپی بکرێتەوە، بێجگە لە وەهمێکی گەورە شتێکی دیکە نییە و بالانسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لەسەر بنەمای واقعبینییە (Realism) تێکدەدات و هیچ حیسابێك بۆ بەها و شکۆی دەوڵەتی نەتەوەیی ناهێڵێتەوە کە لەسەر بنەمای بیری نەتەوە (National-ism) بونیاد نراوە، میرشامێر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کاتێك تاکگەرایی دەکرێتە بنەما و بیری نەتەوەیی پشتگوێ دەخرێت، ئەوا هیچ مانایەك بۆ پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان نامێنێتەوە، بۆیە ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە خەونی لیبراڵیزم کۆتایی هات، ئەوا دەبێت زۆر بە وردی رەچاوی بەها و جیاوازیی ئەو سێ چەمکە بکەین. ئەمەش مانای ئەوەیە جۆن شامێر بەرگری لە مانەوەی لیبراڵیزم


Donald J. Trump
@realDonaldTrump

**«ئەگەر دوای کشانەوەی هێزەکانمان لە سووریا، تورکیا هێرش بکاتە سەر کوردەکان، ئەوا ئابوورییەکەی دەخنکێنین، بەڵام نابێت کوردەکانیش ئیستفزازی تورکیا بکەن.»**

**دۆناڵد ترەمپ، کانوونی دووەمی ٢٠١٩**

دەکات، لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەقڵی نەتەوەیی ئەنگلۆسەکسۆنییە و دروشمی شۆڕشی ئەمریکا وتە بەناوبانگەکەی (جۆن لۆك)ی گەورە بیرمەندی ئینگلیزییە کە گوتوویەتی: (بەبێ نوێنەرایەتیکردن باجدان بوونی نییە)، بۆیە مافی خۆیەتی وەك ئەمریکییەك شانازی بە سیستمەکەی خۆیەوە بکات، لە بەرامبەر ئەمەدا ئەڵمانەکانیش مافی خۆیانە شێوازێکی دیکەی دیموکراتی بۆ خۆیان تیۆریزە بکەن، کە یۆرگن هامبرماس گەورە بیرمەندی ئەڵمانی ناوی لێناوە: (دیموکراتیەتی راوێژکاری- Delibera-tive Democracy) هەروەها چەمکی لیبراڵیزمیان گۆڕیوە بۆ (ئۆردولیبراڵیزم - Ordoliberal-ism)، ئەمەش بەو مانایەی کە چەمکی لیبراڵیزم نە بۆ یەکێتی ئەورووپا و نە بۆ سیستمی دەوڵەتەکانیشیان سوودی نییە، بۆیە دەبێت بگۆڕێت بۆ ئۆردۆلیبراڵیزم بۆ ئەوەی بڕیارەکانی حکومەت، یان بڕیارەکانی برۆکسل لە شەقامی نیشتمانیی یەکێتیی ئەورووپادا پێشوازی لێ بکرێت و جێبەجێ بکرێت. دیارە فەرەنسا کە لە نێوان سیستمی (قەیسەری رووسیا و دیموکراتییەتی ئەمریکا) لە سەرەتاوە هەوڵیداوە لاسایی سیستمی دیموکراتیی ئەمریکا بکاتەوە، بەڵام فەرەنساش لە کۆماری پێنجەمدا لە ساڵی ١٩٥٨ سیستمێکی تایبەتی بە نەتەوەی فەرەنسا راگەیاند کە ئەویش (سیستمی سەرۆکایەتیی تێکەڵاوە) کە نە لە رژێمی پادشایی بەریتانیا دەچێت، نە لە هی سەرۆکایەتیی ئەمریکاش، ئاشکراشە رووسیا چ لە سەردەمی دەسەڵاتی قەیسەری، چ لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت لاسایی سیستمی لیبراڵیزمی نەکردۆتەوە، تەنیا لە ساڵانی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١- ٢٠٠٢ خۆی لەگەڵ کۆپیکردنەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی تاقیکردۆتەوە، بەڵام رووسیا کەوتە سەر لێواری هەڵدێر، بۆیە لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ بوونی فلادمێر پۆتین بە سەرۆك وەزیران، کۆتایی بە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی هێنا و شکۆ بۆ دەوڵەتی رووسیا و نەتەوەی رووس گەڕایەوە.

کەواتە ئەم بیرکردنەوە هەمەجۆرانە لەلایەن بیرمەندانی جیهانەوە بەرهەمی ئەو رەفتارە سەیرو سەمەرانەیە کە هیچ بیرمەندێك مەزندەی نەکردووە، لەگەڵ بوونی ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا ئەم هەموو گۆڕانکارییە بێتەئاراوە، لەمەش سەیرتر هەر لە مانگی یەکەم و دووەمی دوای دەستبەکاربوونی وەك سەرۆکی ئەمریکا زۆر بە راشکاوی راگەیاند: «سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٤٥ چیدیکە بەکەڵکی ئەمریکای ٢٠١٧ نایەت..»

**نە سیستمی جیهانی بوونی ماوە، لە ناو سیستمە دیموکراتییەکانی رۆژئاوا و ئەمریکاشدا راستی نەماوەو درۆ و چەواشەکاری ئاراستەی رای گشتی دەکەن**

**سەرکردایەتیی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ ئەو سیستمەی ناویان لێنابوو: «سیستمی نوێی جیهان» نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، هەر ئەو کێشانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە سیستمەکە لەبەریەک هەڵبوەشێت و کۆتایی بێت**

ئەمەش دەنگدانەوەیەکی نەرێنیی هێندە گەورەی دروستکرد کە ترەمپ بەم سەرشێتییەی و نەبوونی مەعریفەی دەوڵەتمەداری، ئەمریکا و جیهان دوچاری کارەساتێکی گەورە دەکات، بەڵام وەك ئیلیۆت کۆهین پرۆفیسۆر لە دیراساتی ستراتیژی نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆهانس هۆپکین و خاوەنی کتێبی (سنووردارییی کاریگەریی هیزی نەرم و ناچاربوون بۆ پەنابردن بۆ هێزی سەربازی) لە وتارێکیدا کە بە ناونیشانی (تەنگژەی راستەقینەی ترەمپ لەم سەردەمەدا) لە ژمارەی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە، نووسیویەتی: «ترەمپ ماوەی دوو ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی تەواوکرد و ئەو قیامەتەشی بۆ ئەمریکا دروست نەکرد کە باسیان لێوە دەکرد، بەپێچەوانەوە نە لە ناتۆ هاتە دەرەوەو نە شەڕێکی گەورەشی لەگەڵ ئێران و کۆریای باکوور دروستکرد، بەپێچەوانەوە دوو ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیی ترەمپ بە سەقامگیرییەکی سەرسوڕهێنەر کۆتایی هات، هەروەها توانی ناتۆ رێکبخاتەوە و نەیەتەدەرەوە، هەروەها توانی بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ کۆریای باکوور بکات کە ئێستا ترەمپ بە ناوبردنی بە «هاوڕێ» نامە بۆ کیم ئۆن جۆنگی سەرۆکی کۆریای باکوور دەنێرێت، هەروەها رێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لە ئەمریکای باکوور (NAFTA) سەرلەنوێ دابڕێژدرێتەوە و لە رێککەوتنەکە نەیەتە دەرەوە، بەهەمان شێوە لە رێککەوتنی نیوکلیاری (٥+١) لەگەڵ ئێران هاتۆتە دەرەوە و سزای لەسەر ئێران داناوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دیکە ئەو رێککەوتنەش دووبارە دابڕێژێتەوە.

ئەم وەرچەرخانەی لەماوەی دووساڵی رابردووی سەرۆکایەتیی ترەمپ لە سیستمی نێودەوڵەتی و رێکخراوە ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکان دروستی کردووە، هەر هەموویان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە باڵانسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاروباری رێکخراوە ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکان چیدیکە لە چوارچێوەی ئەو سیستمە جیهانییەی جۆرج بوشی باوك ناوی لێنا: «سیستمی نوێی جیهان» هەڵناسووڕێت و ئەو سیستمە کۆنە مردووە و جیهان پێویستی بە سیستمێکی دیکە هەیە و، دەبێت بنەمای ئەو سیستمەش لەسەر ئەم کۆڵەگەیانە بونیاد بنرێن کە هیچ نەتەوەیەك هەوڵ نەدات شێوازی حوکمڕانیی خۆی بکاتە ئایدیۆلۆژیەتێکی جیهانی و بە زۆر بەسەر دەوڵەتانی دیکەی جیهاندا بیسەپێنێت، بەپێچەوانەوە دەبێت هەر نەتەوەیەك لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیدا، نموونەی حوکمڕانیی خۆی پێشکەشی جیهان بکات و کێبڕکێ و ململانێ لە سەر حوکمڕانیی باش لە نێوان نەتەوەکان دروست بێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە دیکتاتۆرێك بە ناوی دەوڵەتی نەتەوەییەوە لە دەوڵەتێکی فرەنەتەو ئاییندا گەلەکەی خۆی سەرکوت بکات، پێشان و لە سەردەمی ئەوەی پێی دەگوترا: «سیستمی نوێی جیهان» ئەمریکا هەوڵیدەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە دەوڵەتانە ئەگەر بۆی بکرایە، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکان پێکدەهێنا، ئەمەش وەك هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ (کشانەوەی عێراق لە کوەیت ١٩٩١) هەروەها (رووخانی رژێمی تالیبان لە ٢٠٠١)، هەروەها لە دەرەوەی چەتری نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاوپەیمانی پێکدەهێنا، وەك هاوپەیمانیی ئارەزوومەندانە بۆ (رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣)، بەڵام لەسەردەمی ترەمپدا ئەمە کۆتایی هات و شێوازێکی دیکە پیادە دەکات کە ئەویش گۆڕینی داگیرکارییە بۆ پەراوێزخستن و مامەڵەنەکردنیەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە و هەروەها مامەڵەنەکردنی ئەمریکا لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیکە کە پابەند نەبێت بەو سزایانەی ئەمریکا لەسەر ئەو دەوڵەتەی داناوە، ئەم شێوازە تازەیە کە هێشتا نازانرێت ناوی چی لێ دەنرێت، هەوڵێکە بۆ دووبارە بەگەڕخستنەوە هزری نەتەوەکان، بەڵام هەر نەتەوەیەك بە شێوازی تایبەتیی خۆی و دروستکردنی ململانێ لەسەر بەرهەمهێنانی بیری باش بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی و رێکخستنەوەی رەفتاری دەوڵەت و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دژی گەلەکەی خۆی و دراوسێکانی، ئەمەش مانای ئەوەیە دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی کە هەر لە بناخەوە بۆ ئەوە دامەزراوە نەتەوەکان ئازاد بن و ئاشتیی هەمیشەیی لە

**ئیدارەی ترەمپ لە ساڵی سێهەمی خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بەرنامەی ئیدارەکەی بۆ سەرلەنوێ ریکخستنەوەی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی وەک دەوڵەت بەشێکن لە کێشەکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا**

**ئیدارەی ترەمپ چۆن لەسەر ئاستی جیهان (یەک بەرامبەر یەک) مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی دۆست و دوژمن دەکات، ئەوا بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەر بە (یەک بەرامبەر یەک) مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتەکان دەکات، دەوڵەتێک گرێ ناداتەوە بەوی دیکەوە**

**ئەگەر سزاکانی ئەمریکا، موسکۆ ناچار بکات رەفتاری خۆی بگۆڕێت، ئایا کیم جونگ ئۆن سەرۆکی کۆریای باکوور کارێکی ئاقڵانەی نەکرد کە سزاکانی لەسەر خۆی لابرد؟ ئەمە وانەیەکی بەسوودە بۆ ئەنکەرا و تاران و دیمەشقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دەبێت بزانن بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا جادەکەیان بۆ تەخت نابێت**

جیهاندا بێتەئاراوە، راستە ئەمە کارێکی لە نیمچە مەحاڵ دەچێت، بەڵام کە دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی شەڕە ئایینییەکانی ئەورووپا و کۆتاییهاتنی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەم رەشبینییە دەڕەوێتەوە و ئومێدێك بۆ ئاشتی لە سەرانسەری جیهاندا زیندوو دەبێتەوە.

**● بە رێکخستنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناو و سیمای پۆست (سیستمی نوێی جیهان) دەردەکەوێت**

سەرەتای هەموو ئەو کێشانەی بۆ (سیستمی نوێی جیهان) دروست بوون و پاشان نەتوانرا چارەسەر بکرێن، کە بووە هۆی کۆتاییهاتنی سیستمەکە لە دوو رووداوی گرنگەوە سەرچاوە دەگرن کە بریتین لە:

١- سەرهەڵدانی راپەڕینەکان لە وڵاتانی عەرەبی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و دەستپێکی ٢٠١١.

٢- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ لە عێراقدا.

لە ئاکامی سەرهەڵدانی راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، راستە چەند رژێمێکی دیکتاتۆری وەك رژێمی (زەینەل عابدین لە تونس، حوسنی موبارەك لە میسر، موعەمەر قەزافی لە لیبیا، عەلی عەبدوڵا ساڵح لە یەمەن) رووخان، بەڵام لە بری ئەوەی سیستمێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لە هەریەك لەوڵاتانە بێتەئاراوە و وەڵامی خواست و پێداویستییەکانی خەڵك بداتەوە، ئایدیۆلۆژیەتی سەپاوی لیبراڵ دیموکراتی بە رێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردن سیستمی ئیسلامی سیاسی بەرهەم هێنا، بۆ نموونە لە میسر- ئیخوان موسلمین، لە تونس - حزبی نەهزەی ئیسلامی، لە لیبیا کۆمەڵێك حزبی ئیسلامی زۆر توندڕەو، لە یەمەن حوسییەکان)، ئەم راپەڕینانە سووریاشی گرتەوە، بەڵام رژێمی ئەسەد لە سووریا نەڕووخا و هەتا ئێستاش لە دەسەڵاتدا ماوە.

لە ماوەی ساڵی ٢٠١١ ئیدارەی باراك ئۆباما لە بەر ئەوەی هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بوو هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ بباتەوە و چوار ساڵی دیکەش بمێنێتەوە، نەك هەر نەیتوانی مامەڵەیەکی باش لەگەڵ کۆی رووداوەو دەرهاویشتە نەرێنییەکانی راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی بکات، بەڵکو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ تەواوی هێزەکانی خۆی لە عێراق کێشایەوە، بەمەش ئەو عێراقەی بەهۆی بوونی هێزەکانی ئەمریکاوە هەندێك سەقامگیر بوو، بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، عێراق نەك هەر ملی بەرەو خراپیی حوکمڕانی و ناسەقامگیری هەڵگرت، بەڵکو لەماوەی تەنیا ساڵێك و چەند مانگێکدا واتە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣ ئیدی ئەو پرسیارە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە دەکرا: «ئایا عێراق لەبەر یەك هەڵوەشاوە، یان نە؟» لەناو ئەم لەبەریەك هەڵوەشانەی دامەزراوەکانی عێراقدا، دووبارە رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ زۆر بەهێزتر دروست بووەوە، هەروەها بەهۆی هاوکاریی هاوشێوەی نێوان بەغدا و دیمەشق، دژی سوننەی هەردوو وڵات، ئەوە بوو رێکخراوی قاعیدەی عێراق سەرنجی بەشێکی زۆری چەکدارانی سوننەی یاخیبووی سووریای راکێشا و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤، ناوی رێکخراوی قاعیدە لقی عێراق گۆڕا بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ئەم رێکخراوە هەر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ چالاکییە تیرۆریستییەکانی لە چالاکیی تاکییەوە گۆڕی بۆ چالاکیی گرووپی و تیرۆریستی و شەڕی نیمچە بەرەیی لە شارەکانی عێراقدا، ئەوجا لەبەر ئەوەی دامەزراوەی سوپا و ئاسایش و پۆلیسی عێراق لە ناوەوە لەبەریەك هەڵوەشابوون، بۆیە چالاکییە گرووپییە تیرۆریستیەکانی داعش، ترسێکی گەورەی لای سوپا و پۆلیسی فیدراڵی عێراق دروست کردبوو، ئەمەش راشکاوانە لە هێرشی تیرۆریستییانەی داعش بۆ سەر بەندیخانەی بادوش لە دەرەوەی موسڵ دەرکەوت، کە بە جارێك پێنج فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیی عێراق و دەیان کۆگای چەك و تەقەمەنی بۆ تیرۆریستانی داعش بەجێهێڵرا و ناوچەیەکی بەرفراوان لە سنووری سووریا تا دەگاتە دەوروبەری بەغدا بۆ داعش چۆڵ کران، داعیشش لە موسڵەوە خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند.

بە هاتنی داعش، ئیدارەی ئەمریکی نەك هەر نەیتوانی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم هەڕەشە و مەترسییە گەورەیە بکات، بەڵکو

**ئەو هەنگاوانەی ئیدارەی ترەمپ ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتوو بێت و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، ئەوا کێشەیەکی ئەوتۆ لە جیهاندا نامێنێت، هەتا بە تەواوی جاڕی مردنی ئەو سیستمە بدرێت کە پێی دەڵێن (سیستمی نوێی جیهان) و سیستمێکی دیکەی جیهانی رابگەیەندرێت**

**لە ستراتیژیەت و سیاسەتی پێشووی ئەمریکاشدا، سووریا وەک ناوچەی نفووزی ئەمریکا سەیر نەکراوە، هەربۆیە رووسیا بێ ئەوەی روخسەت لە ئەمریکا و ناتۆ وەربگرێت، راستەوخۆ خۆی تێکەڵاوی شەڕی سووریا کرد**

**ئۆباما تورکیای ناچار کرد کە پێشمەرگە بە ناو خاکی تورکیادا بچێتە کۆبانێ، بەڵام هێزەکانی خۆی لە ئاسمانەوە لە سەر خاکی سووریا بڵاوە پێ نەکرد بۆ ئەوەی کۆبانێ لە کەوتن رزگار بکات**

**عێراق لە ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا دەوڵەتە کە سەرۆکی ئەمریکا هیچ حیسابێک بۆ سەروەرییەکەی ناکات، هەروەک لە سەریساڵی ئەمساڵدا بە فڕۆکەیەکی سەربازی سەردانی سەربازەکانی لە بنکەی سەربازیی ئەنبار کردو دوای گەیشتنیان بۆ ئاسمانی عێراق بە تەلەفۆن سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاگادار کراوەتەوە**

**ترەمپ دەیەوێت کاتێک لەگەڵ عێراق وەک دەوڵەت مامەڵە بکات، کە بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق بتوانن دەوڵەتداری خۆیان بسەلمێنن، لەم چوارچێوەیەدا هێشتا بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق زۆر زۆریان ماوە، ئەوە بسەلمێنن کە بەو ئاستە بۆ دەوڵەتداری لێهاتوون**

**ئەمریکا یان دەبێت واز لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێت، یان تا ئەو کاتەی عێراق دەبێتە دەوڵەت لە عێراقدا دەمێنێتەوە و حیساب بۆ هیچ کاردانەوەیەکی عێراق، یان پەرلەمانەکەی ناکات**

هەتا داعش هێرشی نەکردە سەر کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی ٩ رۆژی یەکەمدا بە ئیمکانیەتی سادەی خۆی هێرشەکانی داعشی رانەگرت، سەرۆك ئۆباما نەیتوانی هیچ بڕیارێك بدات، بەڵام پاش ئەوەی لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ پێشمەرگە هێرشی داعشی راگرت، ئۆباما لە ١١ی ئابی ٢٠١٤ بڕیاری دا هاوکاریی کوردستان بکات لە شەڕی دژی داعشدا و پاش سەرکەوتنی ئەم هاریکارییە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و ئەمریکادا، ئەوە بوو لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش پێکهێنرا، ئەم هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە کە ٦٨ دەوڵەتی لەخۆی گرتبوو، لە بەرەی کوردستانەوە کە درێژییەکەی زیاتر لە١٠٠٠ کیلۆمەتر بوو، هێزی سەر زەوی بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، تەنیا هێزی پێشمەرگە بوو، لە بەرەی عێراق و سووریاشەوە، هیزی زەمینی بریتی بوون لە (سوپای عێراق و سووریا، هێزەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی شیعە لە سووریا، پۆلیسی فیدڕاڵی، پاسدار و راوێژکارە سەربازییەکانی سوپای قودسی ئێرانی، میلیشیا و راوێژکارە سەربازییەکانی حزبوڵای لوبنانی، هاوکارییەکی گەورەی سەربازیی رووسیا لە بەرەی سووریاوە. چەندین لایەنی دیکەش)، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە کۆتایی شەڕی دژی داعش لە بەرەی کوردستانەوە لە رۆژی ٢٠ی ١١ی ٢٠١٦ لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە راگەیەندرا، بەڵام لە بەرەی عێراقەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ راگەیەندرا، کە بە کردەیی تا ئێستاش شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە، لە سووریاش هەتا ئێستا شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە.

دوای سەرکەوتنەکانی داعش لە سووریا و عێراق، ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە بە هاوشێوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە بووە رێکخراوێکی نێونەتەوەیی و بە کردەیی جێگەی قاعیدەی گرتەوە، لە هەمانکاتدا هەر بە هۆی سەرکەوتنەکانی داعشەوە، بەها و بایەخی سوپا لە عێراقدا نەما و لە هەر دوو وڵاتی عێراق و سووریاش میلیشیا جێگەی سوپای گرتەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش وەك میلیشیا رێکخرابوون، ئەوا بە ناچاری لە هەردوو بەرەی سووریا و عێراقەوە هەوڵدرا بە میلیشیای شیعە رووبەڕووی داعش ببنەوە، بوونی ئەم شێوازی هێزە میلیشیایانە بە مودێل لە ناوچەکە وایکرد، کە میلیشیاکانی شیعە لە (عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان) خۆیان لەناو یەك بازنەدا ببینەوە، کە ئەویش بازنەی بەرگریکردنە لە (ناسنامەی شیعە)، ئەمە وایکرد کە میلیشیاکانی شیعە هاوکاریی تەواوی میلیشیای حوسییەکان لە یەمەن بکەن و لەناو شیعەکانی بەحرێنیشدا گرووپی میلیشیایی دروست بکەن، بۆ ئەوەی رژیمی حوکمڕانیی بەحرێن بڕووخێنن، ئەمەش بووە هەڕەشەیەکی زۆر جددی لەسەر هەریەك لە شانشینی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی عەرەبی، بۆیە هەر دوو وڵات هاوپەیمانییەکی عەرەبییان دژی شەڕی حوسییەکان لە یەمەن راگەیاند و سعودیە راستەوخۆ دەستێوەردانی لە بەحرین کرد و خۆپیشاندانەکانی دامرکاندنەوە، لە یەمەنیش ئەوە چەند ساڵێکە سعودیە و ئیمارات راستەوخۆ بوونەتە بەشێك لە شەڕی یەمەن و هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە.

ئەم ناسەقامگیری و ئاژاوە گەورەیە کە لە پاکستانەوە هەتا نەیجیریای گرتەوە، کەوانەیەکی دروستکرد کە ناویان لێنا: «کەوانەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان» لە هەمانکاتیشدا دروستبوونی تەنگژەی ئابووری لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا و هەستکردنی هاووڵاتیانیان بە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەوێش جۆرێك لە هزری تیرۆریستی لەناو تاکەکاندا دروستکرد، کە ئەوانیش بە ئامێری جۆراوجۆر کاری زۆر ترسناکی تیرۆریستییان ئەنجامدەدا، کە ئەم جۆرە تیرۆریستانەیان ناو لێنا: (گورگە تەنیاکان)، رووسیاش کە بە دوای شکۆی خۆیدا وێڵ بوو، ئەم شکۆیەشی لە شکستی ئەمریکا و رۆژئاوادا بەرجەستە دەبوو، دوای ئەوەی لەگەڵ دروستبوونی ئەم ئاڵۆزییانە هێرشی کردە سەر بەشێکی ئۆکرانیا و کریمای لکاند بەخۆیەوە، لەهەمانکاتدا زۆر بەهێزەوە هاتە ناو شەڕی سووریا و شەڕەکەی بۆ بەرژەوەندیی ئەسەد یەکلایی کردەوە، ئەم سەرکەوتنەی رووسیا لە هەردوو بەرەی ئۆکرانیا و سووریا لە

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کۆنگرەی میوشنی ساڵی ٢٠١٦ ناوی لێ نرا: قۆناخی (پۆست رۆژئاوا، پۆست سیستمی جیهانی، پۆست راستی)، ئەمەش مانای ئەوەیە نە رۆژئاوا و ئەمریکا لە چارەسەرکردنی کێشەکان رۆڵیان ماوە، نە سیستمی جیهانی بوونی ماوە، لە ناو سیستمە دیموکراتییەکانی رۆژئاوا و ئەمریکاشدا راستی نەماوەو درۆ و چەواشەکاری ئاراستەی رای گشتی دەکەن.

لەسەر ئەم باکگراوەندە ئەگەر جیهانی ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٦، بخوێنینەوە، دەبینین سەرکردایەتیی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ ئەو سیستمەی ناویان لێنابوو: «سیستمی نوێی جیهان» نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، هەر ئەو کێشانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە سیستمەکە لەبەریەك هەڵبوەشێت و کۆتایی بێت، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ کە ترەمپ بووە سەرۆکی ئەمریکا و راشکاوانە کۆی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی رەتکردەوە و شێوازێکی تازەی پیادە کرد، هەموو میکانیزم و شێوازەکانی سیستمی جیهانی واز لێ نەهێنا، بەڵکو هەنگاوەکانی بەمجۆرە بوون:

١- سەبارەت بە ئەفغانستان و شەڕی دژی داعش لە عێراقەوە تا نەیجیریا، ئەمریکا درێژەپێدەری ئەو شێوازەی ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ی ئیدارەی ئۆباما بوو، هەروەها باشتر هاتە ناو شەڕەکە، لە هەمانکاتدا هێزەکانی ئەمریکای لە ئەفغانستان نەکشاندەوە، هەروەها پشتگیریی زیاتری سعودیە کرد لە شەڕی دژی حوسییەکان لە یەمەن.

٢- سەبارەت بە کەموکورتییەکانی سیستمی جیهانی لە رۆژئاوا و شکستی دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەناو ئەو سیستمە جیهانییە، ترەمپ بە دووبارە رێکخستنەوەی ناتۆ دەستی پێکرد، ئەمەش لەو دەروازەیەوە کە دەبێت خەرجی ناتۆ لەسەر هەموو ئەندامانی ئەو هاوپەیمانییە بێت و هەر دەوڵەتێك بە قەوارەی خۆی خەرجی هاوپەیمانییەکە لەئەستۆ بگرێت.

٣- سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ترەمپ رایگەیاند: هەموو ئامانجی من ئەوە بوو شەڕی داعش کۆتایی بێت، ئێستا شەڕی داعش کۆتایی هاتووە و هێزەکانمان لە سووریا دەکێشینەوە.

ئەم تویتەی ترەمپ بووە هۆکاری ئەوەی وەزیری بەرگری و نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش دەست لەکار بکێشنەوە، بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوای ئەم تویتە گەشتێکی فراوانی بۆ هەشت وڵات و هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیدارەی ترەمپ لە ساڵی سێهەمی خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بەرنامەی ئیدارەکەی بۆ سەرلەنوێ ریکخستنەوەی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی وەك دەوڵەت بەشێکن لە کێشەکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

ئەوجا ئەگەر لەم دەروازەیەوە هەوڵبدەین رەهەندە سەرەکییەکانی سیاسەت و ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوێنینەوە، ئەوا ئیدارەی ترەمپ چۆن لەسەر ئاستی جیهان (یەك بەرامبەر یەك) مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی دۆست و دوژمن دەکات، ئەوا بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەر بە (یەك بەرامبەر یەك) مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتەکان دەکات، دەوڵەتێك گرێ ناداتەوە بەوی دیکەوە، ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەرنج بدەین، دەبینین ئەمریکا لەسەر بنەمای (یەك بەرامبەر یەك) مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات، بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ عێراق و سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی کەنداو دەکات، لەناو عێراقیشدا کە ئەمریکا زۆر مەبەستێتی عێراق سەقامگیر بێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی فیکری داعش عێراقە، ئەوا لە سەربنەمای (یەك بەرامبەر یەك ) مامەڵە لەگەڵ هەولێر و بەغدا دەکات.

بنەمای (یەك بەرامبەر یەك) واتە دەوڵەتێك گەورە بێت وەك رووسیا، یان بچووك بێت وەك بەحرێن و کوەیت، هەر بە یەك پێوانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆ نموونە کاتێك رووسیا گازی ژەهراوی لە بەریتانیا بەکاردەهێنێت، ئەمریکا سزای دەخاتەسەر، ئەگەر دەوڵەتێکی بچووکی وەك بەحرەێن یان کوەیتیش وابکات، هەر سزای دەخاتەسەر، ئەوجا ئەگەر سزاکانی ئەمریکا، موسکۆ ناچار بکات رەفتاری خۆی بگۆڕێت،

**لە ئێستادا دەوڵەتی عێراق نەک هەر ناتوانێت بیسەلمێنێت کە ئەو دەوڵەتەیە دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک دەوڵەت مامەڵە بکات، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکەشی ناتوانێت بە زمانی دیالۆگ لەگەڵ گەلەکەی خۆیشی قسەبکات و کێشەکان چارەسەر بکات**

**ئەم حاڵەتەی ئێستای عێراق و شێوازی دەوڵەت بەڕێوەبردنیان وایکردووە کە هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، تەنیا لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراق وەک دەوڵەتی عێراق مامەڵە بکەن و لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک ئیدارەیەکی سەرکەوتووی سەربەخۆ مامەڵە بکەن**

**دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش کە ئەوکات ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، زۆر باش دەیزانی ئەگەر هەرێمی کوردستان بکەوێت، ئەوا هەموو عێراق لە دەستی ئەمریکا دەردەچێت، بۆیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامەیەکی دەرکرد و پشتگیری لە مانەوەی هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام ئەگەر خۆڕاگری و قارەمانیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە، ١٠٠ بەیانی لەوجۆرە و توندتریش جێگەی هیچی نەدەگرت**

ئایا کیم جونگ ئۆن سەرۆکی کۆریای باکوور کارێکی ئاقڵانەی نەکرد کە سزاکانی لەسەر خۆی لابرد؟ ئەمە وانەیەکی بەسوودە بۆ ئەنکەرا و تاران و دیمەشقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دەبێت بزانن بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا جادەکەیان بۆ تەخت نابێت، بەڵکو ئەگەر نەزانن بە شێوازێکی هاوچەرخ دەوڵەتداری بکەن، لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەراوێز دەخرێن و مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت.

ئەو هەنگاوانەی ئیدارەی ترەمپ ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتوو بێت و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، ئەوا کێشەیەکی ئەوتۆ لە جیهاندا نامێنێت، هەتا بە تەواوی جاری مردنی ئەو سیستەمە بدرێت کە پێی دەڵێن (سیستمی نوێی جیهان) و سیستمێکی دیکەی جیهانی رابگەیەندرێت.

**● کوردستان و عێراق دوو ناوچەی گرنگ بۆ سەرکەوتنی ستراتیژیەت و سیاسەتی ئەمریکا**

لە ستراتیژیەت و سیاسەتی پێشووی ئەمریکاشدا، سووریا وەك ناوچەی نفووزی ئەمریکا سەیر نەکراوە، هەربۆیە رووسیا بێ ئەوەی روخسەت لە ئەمریکا و ناتۆ وەربگرێت، راستەوخۆ خۆی تێکەڵاوی شەڕی سووریا کرد، لەمەش زیاتر ئۆباما تورکیای ناچار کرد کە پێشمەرگە بە ناو خاکی تورکیادا بچێتە کۆبانێ، بەڵام هێزەکانی خۆی لە ئاسمانەوە لە سەر خاکی سووریا بڵاوە پێ نەکرد بۆ ئەوەی کۆبانێ لە کەوتن رزگار بکات، پاشانیش کە ئەمریکا بڕیاری دا ژمارەیەك راوێژکاری سەربازی و چەك رەوانەی رۆژئاوا بکات، وەك ناوچەیەك لە دەرەوەی دەسەڵاتی رژێمی ئەسەد چۆتە رۆژئاوا، تەنانەت رژێمی سووریا رێگەی نەداوە، بەڵام عێراق بە شێوەیەکی فەرمی و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داوایان لێکراوەو پاشانیش پێشوازی لە هێزەکانیان کراوە و هەر لە رێگەی حکومەتی عێراقیشەوە، چەکەکان و هێزەکانی ئەمریکا هاتوونەتە کوردستان و بەشدارییان لە شەڕی دژی داعشدا کردووە.

لەم روانگەیەوە عێراق لە ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا دەوڵەتە کە سەرۆکی ئەمریکا هیچ حیسابێك بۆ سەروەرییەکەی ناکات، هەروەك لە سەری ساڵی ئەمساڵدا بە فڕۆکەیەکی سەربازی سەردانی سەربازەکانی لە بنکەی سەربازیی ئەنبار کردو دوای گەیشتنیان بۆ ئاسمانی عێراق بە تەلەفۆن سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاگادار کراوەتەوە، لەسەر ئاستی شاندەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانان بەشی هەرە زۆری وەزیرەکان بە فڕۆکەی سەربازی دێنە عێراق و وەك دەوڵەتێکی هاوپەیمان لە شەڕدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و هەر لە بەغداشەوە راستەوخۆ سەردانی کوردستان دەکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە عێراق مامەڵەیەکی تایبەتی لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە لەگەڵ دەکرێت، ئەوجا ترەمپ سەرۆك بێت، یان هەر کەسێکی دیکە، بەڵام لەناو ئەجیندای ترەمپ ئەوەی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو پیشانی جیهانی داوە، ترەمپ دەیەوێت کاتێك لەگەڵ عێراق وەك دەوڵەت مامەڵە بکات، کە بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق بتوانن دەوڵەتداری خۆیان بسەلمێنن، لەم چوارچێوەیەدا هێشتا بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق زۆر زۆریان ماوە، ئەوە بسەلمێنن کە بەو ئاستە بۆ دەوڵەتداری لێهاتوون، واتە تا ئەو ئاستە پێدەگات، ساڵانێکی زۆری دەوێت، بۆیە ئەمریکا یان دەبێت واز لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێت، یان تا ئەو کاتەی عێراق دەبێتە دەوڵەت لە عێراقدا دەمێنێتەوە و حیساب بۆ هیچ کاردانەوەیەکی عێراق، یان پەرلەمانەکەی ناکات.

سەبارەت بە پرسی دەوڵەتداری، پرسیار ئەوەیە، ئایا چەمکی دەوڵەتداری لە بیرکردنەوەی ترەمپدا مانای چی دەگەیەنێت؟ لای ترەمپ گرنگ نییە، سیستمی دەوڵەتەکە دیموکراتی دەبێت، یان ئایینی، یان مەزهەبی، یان نەتەوەیی، ئەوەی لای ترەمپ گرنگە ئەوەیە کە دەوڵەت بێت و بتوانێت لەگەڵ گەلەکەی و لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شایستەیی وەك دەوڵەت مامەڵە بکات، بەڵام لە ئێستادا دەوڵەتی عێراق نەك هەر ناتوانێت بیسەلمێنێت کە ئەو دەوڵەتەیە دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەت مامەڵە بکات، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکەشی ناتوانێت بە زمانی دیالۆگ لەگەڵ گەلەکەی خۆیشی

**ئەمریکا رێز لەم ئەزموونە سەرکەوتووەی کوردستان دەگرێت و رێگە نادات ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە بەو شێوازە تێکەڵاوی سیستمە شکستخواردووەکەی عێراق ببێتەوە، کە ئەمیش لەدەست بچێت**

**ئەو راستییەی ئەمریکا پێی گەیشتووە، دەوڵەتانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناوچەکەش لێی تێگەیشتوون، بۆیە هەوڵدەدەن مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو هەوڵانەی لە کوردستاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، لە عێراقیشدا دووبارە بکرێتەوە**

قسەبکات و کێشەکان چارەسەر بکات.

ئەم حاڵەتەی ئێستای عێراق و شێوازی دەوڵەت بەڕێوەبردنیان وایکردووە کە هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، تەنیا لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراق وەك دەوڵەتی عێراق مامەڵە بکەن و لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەك ئیدارەیەکی سەرکەوتووی سەربەخۆ مامەڵە بکەن و تەنانەت دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش کە ئەوکات ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، زۆر باش دەیزانی ئەگەر هەرێمی کوردستان بکەوێت، ئەوا هەموو عێراق لە دەستی ئەمریکا دەردەچێت، بۆیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامەیەکی دەرکرد و پشتگیری لە مانەوەی هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام ئەگەر خۆڕاگری و قارەمانیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە، ١٠٠ بەیانی لەوجۆرە و توندتریش جێگەی هیچی نەدەگرت.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا، لەگەڵ ئەوەی ئێستا سیاسەتی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی سیستمە کۆنەکە ڕێگەی نەداوە کە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام سەرکردایەتیی سیاسی ئەم دەڤەرە لە سەرووی هەموویانەوە بارزانی ئەوەی بۆ هەموو جیهان سەلماندووە کە لە کاتی ئاشتی و شەڕیشدا دەتوانێت بە جۆرێك دەوڵەتداری بکات کە شایەنی ئەوەیە هەموو جیهان ڕێزی لێ بگرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا ڕێز لەم ئەزموونە سەرکەوتووەی کوردستان دەگرێت و ڕێگە نادات ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە بەو شێوازە تێکەڵاوی سیستمە شکستخواردووەکەی عێراق ببێتەوە، کە ئەمیش لەدەست بچێت، دیارە ئەو ڕاستییەی ئەمریکا پێی گەیشتووە، دەوڵەتانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناوچەکەش لێی تێگەیشتوون، بۆیە هەوڵدەدەن مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو هەوڵانەی لە کوردستاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، لە عێراقیشدا دووبارە بکرێتەوە.

ئێستا بۆ ئەمریکا عێراق زەمینەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئاستی دەوڵەتداری و دەوڵەت بەڕێوەبردنی هەرسێ پێکهاتەی (کورد و شیعە و سوننە) تاقی بکرێتەوە، ئەوەی هەتا ئێستا لەم بوارەدا و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە وەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو خۆی نمایش کردووە، ئەزموونی هەرێمی کوردستانە و تەنانەت سەرکەوتوویی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی ئاوارە ناخۆییەکانی عێراقیش لەخۆی بگرێت و نەبن بەبار بەسەر دەوڵەتانی ئەورووپاوە، لەم چوارچێوەیەدا کە ئێستا هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە شەڕ و کێشەی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، شەڕ و کێشەی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا کۆتایی بێت، بێجگە لە جیاکردنەوەی هێزە ناکۆکەکان لە یەکتری و بوار ڕەخساندن بۆ خۆبەڕێوەبردنی لۆکاڵ هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە (کورد و شیعە و سوننە) لە قۆناخی شەڕ و کێشە وەرچەرخانێك دروست بکەن، بۆ ئەوەی بە ئاشتی لە چوارچێوەی عێراقدا پێکەوە بژین، ئەم پێکەوە ژیانەش نایەتەدی هەتا هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکە خۆیان بە فەرمانڕەوا نەزانن، بەڵام هەر پێکهاتەیەك لە جوگرافیای خۆیدا، پێدەچێت بەرپرسانی ئێستای شیعە لە حوکمڕانیی ئەم حکومەتە تازەیەی عێراقدا گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە تەنیا ڕێگە چارەیە بۆ ئەوەی لە عێراقدا سەقامگیری دروست بێت، بەڵام شەقامی سیاسیی عەرەبی (شیعە و سوننە) بە شێوەیەکی هێندە دژ، دژی مافەکانی خەڵکی کوردستان ئاراستە کراون، هەتا ئەو وەرچەرخانە دروست دەبێت ئەم دژایەتییە بگۆڕێت بۆ پێکەوەژیان کاتێکی زۆری بوێت، بەڵام ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە لەم قۆناخەدا ئەوەیە کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی کوردستان بکاتەوە و دەستی ئاشتی و پێکەوەژیانیان بۆ رابکێشت و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بەردەوام لە ئامادەباشیدا بن، بۆ ئەوەی لە کوردستانێکی بەهێزەوە پەیامی ئاشتی بنێرین بۆ ئەوەی لە بنەمای پەیامی ئاشتیخوازانەی کوردستان باش تێبگەن.

**ئەوەی هەتا ئێستا لەم بوارەدا و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو خۆی نمایش کردووە، ئەزموونی هەرێمی کوردستانە و تەنانەت سەرکەوتوویی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی ئاوارە ناخۆییەکانی عێراقیش لەخۆی بگرێت و نەبن بەبار بەسەر دەوڵەتانی ئەورووپاوە**

**ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە لەم قۆناخەدا ئەوەیە کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی کوردستان بکاتەوە و دەستی ئاشتی و پێکەوەژیانیان بۆ رابکێشت و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بەردەوام لە ئامادەباشیدا بن، بۆ ئەوەی لە کوردستانێکی بەهێزەوە پەیامی ئاشتی بنێرین بۆ ئەوەی لە بنەمای پەیامی ئاشتیخوازانەی کوردستان باش تێبگەن**



## دیمانەی تایبەت

هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی پرۆفیسۆرە لە سکوڵی ئیدوارد بلاوستین بۆ پلاندان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی روتگێرز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك دارشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی گشتی و پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمریکی- ئێرانییە، کە ئەنجومەنێکە بایەخ بە پەرەپێدانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دەدات لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری شیکاری و توێژینەوەی ئێرانی بووە و بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بووە. پرۆفیسۆر ئەمیر ئەحمەدی کاندیدی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران بووە لەساڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام کاندیدبوونی لەلایەن «شورای نگهبان»ـەوە رەتکرایەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەستن بوون بە رەوشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و پرسی حوکمڕانی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە و ئەو ئەگەرە و پێشهاتانەی دەکرێت لەم ناوچەیەدا بێنەدی.

هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی روتگێرز بۆ گوڵان:

# ئەمریکا بەرژەوەندییەکی زۆری هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە ئاسانی دەستبەرداری نابێت



*** ئێوە وەك کەسێکی شارەزای کاروباری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵسەنگاندنتان بۆ دۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە چۆنە و پێتانوایە رەوتی رووداو و پەرەسەندنەکان ناوچەکە بەرەو کوێ دەبەن؟**

- ئەوەی ئاشکرایە و ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دۆخەکە جێی دڵخۆشی نییە، بە ئەندازەیەك کە هەموو چەشنە کێشە و قەیرانێك یەخەی ئەم ناوچەیەیان گرتووە، وەك کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نێودەوڵەتی و.. هتد، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ناوچەکە بە خراپترین دەیە و خراپترین ساڵ و سەروەختیدا تێدەپەڕێت لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** باشە ئێوە زیاتر خراپبوونی دۆخەکە لە چیدا بەدی دەکەن و پێتانوایە پێشتر هەلومەرجی هاوشێوە لەم ناوچەیەدا روویدابێت؟**

- لە راستیدا ئێمە دەتوانین بەراوردی بکەین بە سەروەختی جەنگی یەکەمی جیهان، کاتێك کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی داڕووخا. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەو دۆخەی لەئارادایە جێی خۆشحاڵی نییە و لە هەمووشی خراپتر و ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانییە بریتییە لە دۆخە سیاسییەکە، بەتایبەتی کە ئەمە زیاتر

> **ئەمریکا چەند دۆستێکی هەیە لە ناوچەکەدا کە پابەندە بە پاراستنیانەوە، کوردیش یەکێکە لەو دۆستانە**

> **ناوچەکە لەباری ناکۆکی و رکابەریدایە و هۆکاری ئەم ناکۆکییەکەش بۆ خراپ ئیدارەدانی کاروبارەکانی دەوڵەت لەلایەن حوکمڕانەکانەوە دەگەڕێتەوە**

> **ئەمریکا وەک ئیمپراتۆریەتێک هێزێکە لەداکشاندایە و چیتر ئەو هێزە کاریگەرو بەهێزو دەسترۆیشتووە نییە کە لە بیست ساڵی رابردوودا لەئارادا بوو**

لە دوو رەهەندا بەرجەستە بووەو رەنگیداوەتەوە، یەکەمیان کێشە و ناکۆکیی نێوان دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، دووەمیان بریتییە لەو ململانێ و ناکۆکییە تایفەگەرییەی کە لەم ناوچەیەدا لەئارادایە. هەرچەندە کاتێك لێرەدا من ئاماژە بە کێشە، یان رەهەندی تایفەگەریی دۆخەکە دەکەم، ئەوا نامەوێت لە بایەخ و گرنگی، یان لە کاریگەریی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان کەم بکەمەوە. بەڵام دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە بوونی کێشە و ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە دژوارترین و سەختترین تەنگژەیە و بۆتە سەرچاوەی دروستبوونی کێشە و گرفتی دیکە.

*** بەڵام هەندێ بۆچوونی دیکە هەن کە پێیانوایە کێشەکان زیاتر کێشەی نێوان پێکهاتە و گرووپە ئیتنی و تەنانەت تایفەگەرییەکانە و ئەمە بۆتە هۆکار و سەرچاوەی ئەوەی ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتەکاندا دروست بێت و ئەو ناکۆکییانەش بەرەو هەڵکشان بچن؟**

- ئەوە راستە کە تێڕوانینێك هەیە پێیوایە کێشەی نێوان گرووپە ئیتنییەکان بووەتەهۆی ئەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە دوچاری ناکۆکی ببنەوە لەگەڵ یەکتردا، بەڵام من لەگەڵ ئەم لێکدانەوە و تێڕوانینەدا هاوڕا نیم و دیدگایەکی تەواو پێچەوانەم هەیە، واتە پێموایە کێشەکە لە دەوڵەتانی ناوچەکەدایە، واتە کێشەکە ئەوەیە کە ئیدارەیەکی خراپی کاروبارەکانی دەوڵەتی دەدرێت، ئیدارەیەکی خراپی ژیانی خەڵك و پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا دەدرێت، کە هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆکاری دروستبوونی ئەم دۆخە پڕ لە تەنگژە و کێشەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** بەڵام ئەگەر بە دیاریکراوی قسە بکەین، ئایا ئەم ناکۆکییە لە نێوان کام لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا زیاتر روودەدات و کاریگەری و دەرهاویشتەی خراپی لەسەر کۆی دۆخی ناوچەکە بەجێهێشتووە؟**

- ئێمە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ناکۆکیی نێوان هەردوو وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و عەرەبستانی سعودیە بکەین، یا ناکۆکیی نێوان ئێران و ئیسرائیل، یان نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی دیکە، کە ئەمانە بوونەتە کێشەیەکی گەورە، کە بەداخەوە لە نێو چەقی ئەم ململانێیانەشدا هەردوو وڵاتی ئێران و سعودیە هەن، کە بوونەتە هۆی خراپبوونی بارودۆخەکە، کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتەش نەك تەنیا کێشەیەکی سیاسی و تایفەگەرییە، بەڵکو لەوە خراپتر ئەوەیە کە حوکمڕانەکانی ئەم دوو وڵاتە بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییانەیان نییە لە تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدیدا و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی رەوشەکە بە چەشنێك خراپ بێت کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك بگات.

*** باشە لە روانگەی ئەم پێشهات و پەرەسەندنانەوە پێتوایە لە ئێستادا دۆخەکە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟**

- پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ناوچەکە لەباری ناکۆکی و رکابەریدایە و هۆکاری ئەم ناکۆکییەکەش بۆ خراپ ئیدارەدانی کاروبارەکانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە، لەلایەن حوکمڕانەکانەوە، بە چەشنێك کە گرووپە ئیتنی و ئایینییەکانیش لەم ناکۆکییەوە تێوەگلاون، لە دەرئەنجامدا ناسەقامگیری و پشێویی زیاتر باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە.

*** بەڵام زۆر باس لەوە دەکرێت کە دەستێوەردانی دەرەکی و هێزە جیهانییەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی هێندەی دیکە کێشەکانی ئەم ناوچەیە ئاڵۆز بێت، کە ئەم هێزانە زیاتر بەرژەوەندییەکانی خۆیان زاڵ دەکەن و پەرەیان پێدەدەن لەسەر حیسابی بەرژەوەندی و سەقامگیریی ناوچەکە، بۆچون و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەوەی نکۆڵی لێناکرێت، ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە رووبەڕووی دەستێوەردانی دەرەکیی هێزە جیهانییەکان بۆتەوە، وەك رووسیا و وڵاتانی ئەورووپا کە دەستێوەردان دەکەن لە کاروبارەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، وەك عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا و.. هتد. ئێمە دەزانین ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی پشێویی زیاتر بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵ بێت. من ئومێد دەکەم کە ئەم دۆخە بەرەو باشتر بچێت، بەڵام زۆر گەشبین نیم کە ئەمە رووبدات.

*** بەڵام ئێوە ئاماژەتان بە رۆڵی یان دەستێوەردانی ئەمریکا نەکرد لە کاروبارەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، کە ئێمە دەزانین ئەمریکا**

هێزێکی خاوەن هەژموون و دەستڕۆیشتووە و چەندین هاوپەیمانی لەم ناوچەیەدا هەیە؟

- لێرەدا دوو مەسەلە هەیە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەمریکا وەك ئیمپراتۆریەتێك هێزێکە لەداکشاندایە، واتە چیتر ئەو هێزە کاریگەرو بەهێزو دەستڕۆیشتووە نییە کە لە رابردوو، یان لە ٢٠ ساڵی رابردوودا لەئارادا بوو. لێرەدا من لە روانگەیەکی رێژەییەوە قسە دەکەم و باسی هێزی ئەمریکا دەکەم. واتە هێزێکی ئابووریی رێژەییە و بگرە هێزێکی سەربازیی رێژەییە، دووەمیان ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمریکا گەورەترین هێزە لە سەر ئاستی جیهان. هەرچۆنێك بێت، پێموایە بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانەوە، ئەوا لەم ساڵانەی دواییدا ئەمریکا زیاتر بیری لەوە کردۆتەوە کە لە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاودا لە هەندێ وڵاتی جیهان بکشێتەوە، یان با بڵێین لە هەندێ ناوچەی جیهان بکشێتەوە.

*** بەڵام دوایین ستراتیژیەتی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا باس لەوە دەکات کە ئەمریکا دەبێت بایەخ بە پرسی ململانێ، یان رکابەریی نێوان هێزە جیهانییەکان بدات، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- حاڵی حازر ئەمریکا، چین وەك هێزێکی هەڵکشاو، بە گەورەترین رکابەری خۆی دەزانێت نەك رووسیا، ئەگەرچی لە روانگەیەکی دوژمنکارانەشەوە لە رووسیا دەڕوانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چین بە رکابەری سەرەکی دەزانێت، بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە و لەم رووەوە کۆشش و هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ بایەخدان بەم پرسە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بڵێین هێشتا ئەمریکا بەرژەوەندییەکی زۆری ماوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا ناتوانێت بە ئاسانی بڕیاری ئەوە بدات کە ئەم ناوچەیە جێبهێڵێت، لەم روانگەیەوە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەوڵیداوە کە هاوپەیمانێتییەك لەم ناوچەیەدا دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە بتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بکات.

*** بەڵام پێتوایە چ وڵاتێك دەتوانێت رۆڵی سەرەکی ببینێت بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم هاوپەیمانێتییە و بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا؟**

- ئێمە دەزانین ٤٠ ساڵ پێش ئێستا ئەوە ئێرانی سەردەمی شا بوو کە ئەم رۆڵەی دەبینی، بەڵام لەو کاتەوە هیچ هێزێکی دیکە ئەم رۆڵەی نەبینیوە و ئەمریکا ناچار بووە خۆی راستەوخۆ کاربکات لەسەر پاراستن و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا. واتە نە عەرەبستانی سعودیە و نە ئیسرائیل نەیانتوانی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە بەهۆی رووخانی شای ئێران لەلایەن شۆڕشی ئیسلامییەوە دروست بوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا بە شێوەیەکی راستەوخۆتر دەستێوەردان بکات، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد لەم ساڵانەی دواییدا ئەمریکا هەوڵدەدات ئاست و ئەندازەی ئەو دەستێوەردانە کەم بکاتەوە.

*** ئایا هیچ جیاوازییەك بەدی دەکەیت لە نێوان سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لەم رووەوە؟**

- من جیاوازییەکی زۆر بەدی ناکەم لەم رووەوە، ئێوە لەبیرتان نەچێت کە ئەوە ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما بوو بڕیاری کشانەوەی دا لە عێراق، هەروەها ئەوە ئیدارەی ئۆباما بوو کە هەوڵیدا لە ئەفغانستان پاشەکشە بکات. مەبەستم ئەوەیە کاتێك ئێمە بڕیاری کشانەوە لە سووریا دەبیستین- لەلایەن سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە- ئەمە شتێکی نوێ نییە. هەرچۆنێك بێت، دەتوانین بڵێین دۆناڵد ترەمپ پتر پابەندە بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دۆناڵد ترەمپ دۆخی ناوخۆیی، یان پرسە ناوخۆییەکان لەبەرچاو بگرێت کە ئێمە دەزانین لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا گفتوگۆیەکی جددی دەکرێت لەم رووەوە، بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەو ماوەیەدا. واتە دەبێت ترەمپ پتر بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە بواری ئابووری و پرسی کۆچبەرانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین بۆ ئەمریکا و.. هتد بدات.

*** کەواتە سەرقاڵبوونی ئیدارەی ترەمپ بە کێشە ناوخۆییەکانەوە چ رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی لەسەر پابەندبوونەکانی ئەمریکا بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەبێت؟**

**لەم ساڵانەی دواییدا ئەمریکا زیاتر بیری لەوە کردۆتەوە کە لە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاودا لە هەندێ وڵاتی جیهان بکشێتەوە**

**نە عەرەبستانی سعودیە و نە ئیسرائیل نەیانتوانی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە بەهۆی رووخانی شای ئێران لەلایەن شۆڕشی ئیسلامییەوە دروست بوو**

**لە روانگەی ئەمریکاوە تەحەددی راستەقینە لەم ناوچەیەدا بریتییە لە ئێران و تێوەگلان و دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا مایەی نیگەرانی ئەمریکایە**

- من پێم وایە ئەمریکا هەوڵی کەمکردنەوەی پابەندبوونەکانی — لە رووی سەربازی و ئابووری و سیاسییەوە- بەم ناوچەیە دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە ئەمریکا کار بۆ ئەوە دەکات کە چارەسەرێکی باشتر بدۆزێتەوە بە بەراورد بە رێگاچارەی کشانەوە و جێهێشتنی ئەم ناوچەیە. هەر ئەمەش بووەهۆی ئەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سەربازە ئەمریکییەکان لە سووریا بکێشێنێتەوە، بەڵام لە عێراقدا جێگیریان بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا دەیەوێت ریزبەندییەك بکات و بە گوێرەی گرنگییەکان بایەخ و ئەولەوییەت بە پرسەکان بدات. لە روانگەی ئەمریکاوە تەحەددی راستەقینە لەم ناوچەیەدا بریتییە لە ئێران و تێوەگلان و دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا مایەی نیگەرانی ئەمریکایە. لەبەر ئەوە پێموایە ئەمریکا هەوڵی ئەوە بدات کە لە عێراقدا بەرەنگاری ئێران ببێتەوە. لەلایەکی دیکەوە من پێموایە ئەمریکا ئاسایش و سەلامەتی کوردیش لەبەرچاو دەگرێت و بەلای کەمەوە تا ئایندەیەکی نزیك بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم پابەندبوونەی نابێت. چونکە ئەمریکا بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە دەیەوێت پارێزگاری لە کورد بکات و ئەگەر هاتوو تورکیا پێشڕەوی بکات بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دروستی دەکەن لە سووریا و ئەگەر هێرش بکاتە سەر کورد لەو وڵاتەدا، ئەوا ئەمریکا زۆر نارەحەت دەبێت و سزای تورکیا دەدات. لە روانگەی هەموو ئەوانەی وتران، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمریکا چەند دۆستێکی هەیە لە ناوچەکەدا کە پابەندە بە پاراستنیانەوە، کە کوردیش یەکێکە لەو دۆستانە.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی و سیاسەتی لە ئاست ئەم ناوچەیە بەتایبەتی، ئەوا ئێمە دەزانین کە ئیدارەی ترەمپ پتر پەنا بۆ فشار و سزای ئابووری دەبات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتە دەرەکییەکەی، بەتایبەتی ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن هەڵمەتی فشارکردن لەسەر ئێران، پێتوایە تا چەند ئەمە سیاسەتێکی کاریگەر و سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ئەوەی گومان هەڵناگرێت لەم رووەوە ئەوەیە کە سزا و فشارە ئابوورییەکان ئازاربەخشن، بەڵام نابنەهۆی گۆڕینی دەسەڵاتی حوکمڕان لە وڵاتەکەدا. ئێمە ئەزموونی عێراقمان لەبەرچاوە کە دەسەڵاتی سەدام حوسێن بەهۆی فشار و ئابڵوقەی ئابوورییەوە نەڕووخا. ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتی ئێرانەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم سزا ئابوورییانە کاریگەری ئازاربەخشیان هەبووە، بەڵام نابێتەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانی لەو وڵاتەدا بگۆڕێت. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کێشەی ئێران زیاتر کێشەیەکی ناوخۆییە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کێشەی سەرەکیی ئێران بریتی نییە لە ئەمریکا، بەڵکو پتر کێشەی ناوخۆیە. واتە کێشەکە لە خراپ ئیدارەدانی کاروبارەکانی وڵاتەکەدایە، کێشەکە لەوەدایە ئێران لە رووی سەربازی و ئابوورییەوە باری گرانی خستۆتەسەر شانی خۆی لە ناوچەکەدا و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، کە پێموایە ئێران ناتوانێت درێژەیان پێبدات لە وڵاتانی عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و شوێنەکانی دیکە.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە ئێران ناتوانێت درێژە بەم پابەندبوونە سەربازی و ئابوورییانە بدات لە ناوچەکەدا، ئایا دەکرێت مەبەستتان لەو بارەوە روونتر بکەنەوە؟**

- مەبەستم ئەوەیە درەنگ، یان زوو ئێران پێداچوونەوە بەم ستراتیژیەت و رێچکەیەدا دەکات، دواتر من باوەڕم وایە کاتێك فشار و ناچارکردنی راستەقینە لە بەرامبەر ئێراندا پیادە دەکرێت، ئەوا سەرکردەکانی ئێران پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆیاندا دەکەن. ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە سەرەوەختی پرۆسەی گفتوگۆکردن لەبارەی ئەنجامدانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵدا ئێراندا بەدی کرد. کاتێك فشار و سزا ئابوورییەکان گەورەتر و بەرفراوانتر دەبوو و کاریگەری گەورەیان لەسەر ئابووریی ئێران دروستکرد، ئەوا ئێران دەستی بە گفتوگۆکرد لەگەڵ ئەمریکادا. لەم روانگەیەوە باوەڕم وایە کاتێك سزاکان کاریگەری راستەقینەیان دەبێت کە پێموایە ئێستا ئەم کاریگەرییەیان دروست کردووە، ئەوا ئێران دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. لەبەر ئەوەی ئێران رێگاچارەی دیکەی لەبەردەمدا نییە تا

**ئەمریکا ئاسایش و سەلامەتی کورد لەبەرچاو دەگرێت و بەلای کەمەوە تا ئایندەیەکی نزیک بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم پابەندبوونەی نابێت، بە ئاشکراش رایگەیاندووە کە دەیەوێت پارێزگاری لە کورد بکات**

**دەسەڵاتی سەدام حوسێن بەهۆی فشار و ئابڵوقەی ئابوورییەوە نەڕووخا. سزا ئابوورییەکانی سەر ئێرانیش نابێتەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانی لەو وڵاتەدا بگۆڕێت**

**کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار بووم لە ئێراندا، بەڵام لەلایەن شورای نیگەهبان دوورخرامەوە، ئەگەر رێگەی بەشداریکردنیان پێ بدابام، هیچ گومان هەڵناگرێت کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیم دەبردەوە**

**هەر وڵاتێک هەوڵبدات زیاد لە سەرچاوە و توانا و هێزی خۆی پابەندبوون بخاتە ئەستۆی خۆی ئەوا دەبێت درەنگ یان زوو بڕیاری کشانەوە و پاشەکشە بدات**



بیگرێتەبەر، واتە ئێران ناتوانێت تا سەر لەگەڵ سزا و فشارەکاندا بژییێت، کەواتە کاتێك چیتر بەرگەگرتنی فشارەکان کارێکی کردەنی نابێت، ئەوا ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. بەڵام بەداخەوە پێموایە درەنگوەخت دەگەڕێنەوە بۆ نێو پرۆسەی گفتوگۆکردنەکە. کەواتە بەڵێ پێشبینی ئەوە دەکەم لە یەکێك لە قۆناغەکاندا ئێران ئامادەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتەکە درەنگوەخت دەبێت بۆ ئێران. چونکە ئێمە دەزانین کە دۆخەکە لە ئێراندا خراپە، کە ئەمە هەر تەنیا لایەنی ئابووری ناگرێتەوە، بەڵکو دۆخە سیاسییەکەش خراپە، مەبەستم ئەوەیە خەڵکی ئێران دەیانەوێت ئاڵوگۆڕێك لە چۆنیەتی ئیدارەدانی کاروبارەکانی دەوڵەتەکەیاندا رووبدات. هەموو ئەمانەش دەبنەهۆی ئەوەی درەنگ یان زوو حکومڕانەکانی ئێران خۆیان لە دۆخێکدا ببینەوە کە نەتوانن لە یەك کاتدا بەرگەی فشارە ناوخۆییەکان و فشاری ئەمریکا بگرن. لەو کاتەشدا دەبێت بڕیاری خۆیان بدەن کە من دەزانم بڕیاری ئەوە دەدەن کە ئاشتی لەگەڵ ئەمریکادا بکەن و بەرەنگاری ناوخۆ ببنەوە، بەڵام ئەگەر ئەو کارە بکەن، ئەوا گەورەترین هەڵە دەکەن.

*** بەڵام ئێوە کەسێکن کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا و لە میانەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێراندا خۆتان کاندید کرد بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئێران، دەکرێت بپرسین چۆن بوو ئێوە ئەم بڕیارەتان دا؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە من کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار بووم لە ئێراندا، بەڵام لەلایەن شورای نیگەهبانی ئێرانەوە دوورخرامەوە، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر رێگەی بەشداریکردنیان پێ بدامایە، ئەوا هیچ گومان هەڵناگرێت کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیم دەبردەوە، لەبەر ئەوەی پشتیوانییەکی زۆرم هەیە. بەڵام ئەوان رێگەیان پێنەدام و بواریان دا کەسێکی دیکە ببێتە سەرۆك کە دۆخی وڵاتەکەی ئاڵۆز کرد، هەم لە رووی ئابووری و هەمو لە رووی سیاسی و هەروەها لە بوارەکانی دیکەشدا. مەبەستم ئەوەیە ئێستا ئەوان باجی ئەم هەڵەیەی خۆیان دەدەن.

*** کەواتە پێتوایە کێشەکان قابیلی ئەوەن چارەسەر بکرێن، یان با بڵێین دەکرێت دۆخی ئێران باشتر بکرێن و چاکسازی ئەنجام بدرێت؟**

- من بەرنامەی گشتگیرم هەیە و لەم پێناوەدا رێکخراوێکی نوێم دامەزراندووە بە ناوی ئابان و رایەڵێکی تەلەگرافیشیم هەیە لەم رووەوە و ئێمە زۆر چالاکین و کار لەگەڵ خەڵکانێکی زۆردا دەکەین.

*** ئەگەر زیاتر لەسەر رۆڵی ئیقلیمیی ئێران هەڵوەستە بکەین، ئەوا ئێمە دەزانین ئەمریکا هەمیشە باس لەوە دەکات کە ئێران هێزێکی دەستڕۆیشتووە لەم ناوچەیە و هەژمونی خۆی بەسەر چەند وڵاتێکدا سەپاندووە و ئەمریکا دەیەوێت ئەم دەستڕۆیشتوویيە سنووردار بکات، ئێوە چۆن هەڵسەنگاندنی ئەم مەسەلەیە دەکەن؟**

- من پێشتریش ئاماژەم بەوە کرد کە ئێران زیاد لە توانای خۆی پابەندبوونی- لە ناوچەکەدا و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی- خستۆتە ئەستۆی خۆی- هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سیاسی و سەربازییشەوە-. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێران وڵاتێکە سەرچاوەی پێویستی لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بیخاتە پێناوی هێنانەدی تمووحەکانی، مەبەستم لە تموح و ئامانجەکانیەتی لە وڵاتانی وەك سووریا و لوبنان و یەمەن و عێراق و.. هتد. ئەوەش سەلمێندراوە کە هەر وڵاتێك هەوڵبدات زیاد لە سەرچاوە و توانا و هێزی خۆی پابەندبوون بخاتە ئەستۆی خۆی ئەوا دەبێت درەنگ یان زوو بڕیاری کشانەوە و پاشەکشە بدات، بە چەشنی ئەوەی وڵاتی بەریتانیا کردی لە ساڵانی حەفتاکاندا، کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کشایەوە. لە ئێستاشدا ئەمریکا بە رەوتێکی روو لە زیاد بیر لەوە دەکاتەوە کە لە هەندێ ناوچە و وڵاتی جیهان بکشێتەوە، کەواتە ئەمە بەسەر ئێرانیشدا جێبەجێ دەبێت، بە گوزارشتێکی دیکە لەبەر هۆکاری ئابووری دەبێت ئێرانیش بکشێتەوە.

*** باشە پێتوایە لە ئێستادا و لە ناو ئێراندا تاوتوێ یان گفتوگۆ بکرێت لەبارەی ئەوەی دەبێت ئێران پتر تەرکیز لەسەر ناوخۆی وڵاتەکە بکاتەوە و کەمتر هەوڵی پەرەپێدانی کاریگەری خۆی لە وڵاتانی ناوچەکەدا بدات؟**

- لە ئێستادا و لە ناو ئێراندا بۆچوونی جیاواز هەیە لەم رووەوە، واتە لەلایەك ئەوانەی هەڵوێستی سەختیان هەیە پێیانوایە دەبێت ئێران لەم رەوتە بەردەوام بێت، لە کاتێکدا میانڕەوەکان بۆچوون و دیدگایەکی جیاوازییان هەیە. هەروەها لە ناو ئێراندا گرووپێکی ئایینی هەن کە پێیانوایە نابێت شۆڕشی ئیسلامی تەنیا لە چوارچێوە و سنووری ئێراندا قەتیس بکرێت، بەڵکو دەبێت لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بکرێتەوە، ئەوان پێیانوایە جیهانی ئیسلامی تەنیا پەیوەست نییە بە ئێرانەوە، بەڵکو تا ئەو شوێنەی موسڵمانی لێ بێت سنووری جیهانی ئیسلامییە و ئەمەش فەلسەفەیەکە و باوەڕیان پێیەتی، کەواتە ئەوان پەیوەستن بە دیدگایەکی ئایدیۆلۆژییەوە کە لای ئەوان شۆڕشی ئیسلامی سنوور ناناسێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کەسانێك هەن لە ناو ئێراندا کە پێیانوایە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە درێژە ناکێشێت، ئەگەر تەنیا تەرکیز بکرێتەسەر ناوخۆی ئێران و دەبێت جەخت لەسەر دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بکرێت. رەوتێکی دیکەش هەیە لە نێو ئێراندا پێیانوایە پێویستە ئێران هەوڵ و کۆششەکانی لە ناوخۆی وڵاتەکەدا چڕبکاتەوە و پتر تەرکیز لەسەر چارەسەرکردنی پرس و کاروبارە ناوخۆییەکان بکاتەوە.

*** باشە راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە، پێویستە لە ئێستادا ئێران هەنگاو بە چ ئاراستەیەکدا هەڵبگرێت و تەرکیز لەسەر چ لایەنێك بکاتەوە؟**

- من لەگەڵ ئەوەدام کە ئێران دەبێت هەوڵەکانی بە ئاراستەی ناوخۆدا چڕ بکاتەوە و بایەخدان بە پرسە ناوخۆییەکان بکاتە ئەولەوییەتی سەرەکی، چونکە پێموایە ئێران ناتوانێت – بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە- لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بمێنێتەوە و بەرگەی ئەو هەموو شەڕ و ناکۆکییانە بگرێت و هاوکاری و یارمەتی ئەو هەموو گرووپانە بدات. بەتایبەتی کە ئێمە دەزانین کار لەسەر ئەوە دەکرێت هاوپەیمانێتی لە دژی ئێران پێبکهێنرێت.

*** لە کۆی وەڵامەکانت ئەوە بەدی دەکەین کە ئێوە ریشەی کێشەکانی وڵاتانی ناوچەی**

**لە ناو ئێراندا گرووپێکی ئایینی هەن کە پێیانوایە نابێت شۆڕشی ئیسلامی تەنیا لە چوارچێوە و سنووری ئێراندا قەتیس بکرێت، بەڵکو دەبێت لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بکرێتەوە**

**ئێران ناتوانێت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بمێنێتەوە و بەرگەی ئەو هەموو شەڕ و ناکۆکییانە بگرێت و هاوکاری و یارمەتی ئەو هەموو گرووپانە بدات**

**چارەسەرەکە ئەوەیە حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە بێنە گۆڕین، چونکە بەداخەوە هیچ یەکێک لە سیستمە حوکمڕانەکانی ئێستای ئەم ناوچەیە قابیلی ئەوە نین چاکسازییان تێدا بکرێت**

**ڕۆژهەڵات بۆ بێتوانایی یان ناکارایی سیستمی حوکمڕانی لەم وڵاتانە دەگەڕێننەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت کار لەسەر چارەسەرکردن و چاکسازیکردن لەم سیستەمی حوکمڕانییەدا بکرێت؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا پێموایە چارەسەرەکە ئەوەیە حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە بێنە گۆڕین، چونکە بە داخەوە دەیڵێم کە هیچ یەکێك لە سیستەمە حوکمڕانەکانی ئێستای ئەم ناوچەیە قابیلی ئەوە نین چاکسازییان تێدا بکرێت. بۆ نموونە ئەوە دەرکەوتووە کە سیستەمی حوکمڕانی لە ئێراندا توانای ئەوەی نییە دەست بداتە چاکسازی، ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێت ریفۆرمخوازان لە ئێراندا هەوڵ دەدەن چاکسازی لەو وڵاتەدا بکەن و هەوڵەکانیان بە ئاکام نەگەیشتووە و خەڵکی ئەو وڵاتەش گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە ناتوانرێت چاکسازی بکرێت، بۆیە بەو پێیە داوای گۆڕانکاری دەکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن ئەم گۆڕانکارییە بکرێت، من ئومێدم وایە کە ڕێگاچارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ئاشتییانە گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین جووڵانەوەی سەوز لە ئێراندا نموونەیەکی دیکە بوو بۆ ئەو هەوڵانەی بەم ئاراستەیەدا دران.

*** ئەی پێتوایە دۆخەکە لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا چۆن دەبێت؟**

- بە باوەڕی من ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتی سعودیەوە، ئەوا شازادەی جێنشین هەوڵدەدات لە سەرەوەڕا دەست بە گۆڕانکاری بکات، هەرچەندە من پێموایە ئەم هەوڵانە بەس نین بۆ ئەوەی بتوانرێت گۆڕانکاری لە دۆخەکەدا بکرێت، لەبەر ئەوە پێموایە پێویستە چاکسازیی زیاتر لە وڵاتی سعودیەدا بکرێت، هەرچەندە ئەوەش ڕەنگە هاوشان بێت بە دروستبوون و سەرهەڵدانی کێشەی زیاتر. لە وڵاتێکی وەك تورکیاشدا، ئەوا جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی لەئارادایە و لەو باوەڕەدا نیم سەرۆك ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕەوتەی لە ئێستادا پیادەی دەکات، بەتایبەتی بەهۆی ئەو کێشە سیاسیانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. من دووبارە دووپاتی ئەوە دەکەمەوە کە پێویستە گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانیدا بە چەشنێك بێت کە نەبێتەهۆی خوڵقاندنی کێشەی زیاتر. هەرچەندە دەبێت ئاماژە بەوەش بکەم کە پێموایە لە مەودای کورتدا دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن سوپاوە یەکێك لە چارەسەرەکان دەبێت، وەك ئەوەی لە میسردا بەدیمان کرد، لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سوپاوە لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا و لە ئایندەیەکی نزیکدا یەکێك بێت لە چارەسەرە کورتخایەنەکان.

*** کەواتە ئێوە گەشبین نین بەوەی دۆخی ئەم وڵاتانە بە ڕەوتی سرووشتی و ئاسایی خۆی گەشە بکات و لە پرۆسەیەکی ئاشتییانە و ناتوندوتیژدا بتوانرێت باری لاری سیستەمی حوکمڕانی ڕاست بکرێتەوە؟**

- من پێمخۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە چیتر چینی ناوەڕاست لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بە چەشنی ڕابردوو چینێکی شۆڕشگێڕ نییە، واتە لە ڕۆژگاری ئێستادا چینی ناوەڕاست چینێکی دژە شۆڕشە و پتر مەیلی موحافیزکارانەی هەیە و زیاتر بە دەسەڵاتەوە پەیوەست بووە. کەواتە لە ئێستادا ئەو چینەی کە ماوەتەوە و دەکرێت کاری لەگەڵدا بکرێت، چینی کرێکارە، بەڵام بەداخەوە چینی کرێکاریش بە بێ بوونی سەرکردایەتییەك ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات و جڵەوکە بگرێتەدەست، ئەگەرچی دەکرێت و لە توانایاندا هەیە کە هەلومەرجی هەڵگیرساندنی شۆڕش بخوڵقێنن، بەڵام نەك خۆیان جڵەوکە بگرنەدەست. هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەوان دەتوانن زەمینەی بەرپاکردنی شۆڕشێك بسازێنن و دەرفەتێك بخوڵقێنن بۆ ئەوەی سوپا جڵەوکە بگرێتەدەست، بە گوزارشتێکی دیکە گرتنەدەستی جڵەوی بارودۆخەکە لەلایەن سوپاوە بە ڕادەیەکی گەورە بەندە بە جووڵە و بزاوتی چینی کرێکارەوە. دووبارەی دەکەمەوە باوەڕم وایە کە چینی ناوەڕاست تا ئایندەیەکی نزیکیش بە ناکارایی دەمێنێتەوە، یان بەلای کەمەوە بەشێکی زۆری ئەم چینە بە ناکارایی دەمێنێتەوە، واتە ئەمە هەمان ئەو چینی ناوەڕاستە نییە کە پێش ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا بوونی هەبوو.

**بۆ ماوەی بیست ساڵ دەچێت ریفۆرمخوازان لە ئێراندا هەوڵ دەدەن چاکسازی لەو وڵاتەدا بکەن و هەوڵەکانیان بە ئاکام نەگەیشتووە**

**لە تورکیا جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی لەئارادایە و سەرۆك ڕەجەب تەییب ئەردۆغان ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕەوتەی کە لە ئێستادا پیادەی دەکات، بەتایبەتی بەهۆی ئەو کێشە سیاسییانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە**


**چیتر چینی ناوەڕاست لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بە چەشنی ڕابردوو چینێکی شۆڕشگێڕ نییە، واتە لە ڕۆژگاری ئێستادا چینی ناوەڕاست چینێکی دژە شۆڕشە و پتر مەیلی موحافیزکارانەی هەیە**

### یادەوەرییەک لە هەولێرەوە

# پایتەختێکی هەڵکشاو

## بێداربووی رۆژهەڵاتی ئاسیا







پ. کریستیسنا گورانووۆسکا-گریسزێسکا

لە بەشی ئەندازیاریی زانکۆی تەقەنی وارشۆ لە پۆڵەندا

ساڵی ٢٠١٨ کۆتایی هات، ئەوەشی روویدا، هێندە هەڵدەگرێت کە پوختکردنەوەی بۆ بکرێت، لە هەمان کاتدا بیر لە ئایندەش بکرێتەوە. من کەسێکی ئەندازیارم، پلاندانەری شارم و مامەڵە لەگەڵ شارەکاندا دەکەم. لە پۆڵەندا دەژیم و کار دەکەم، لە وارشۆ و لە بەشی ئەندازیاریی زانکۆی تەقەنی وارشۆ، هەروەها وانەبێژم لە کۆلیژێکی تایبەت بە دارایی و کارگێڕی، کە تێیدا وانە دەڵێمەوە بەو قوتابییانەی لە سەرجەم جیهانەوە دێن، لە نێویاندا ئەوروپا، هەروەها لە ئاسیا و ئەفریقیا، ئەویش لە بەشی ئەندازیاری کە پەیوەستە بە دیزاینی شارەکان، نیشتەجێبوون، نیشتەجێبوون لە گوندەکان و بە شێوەیەکی تایبەت شێوازی هاوچەرخی ناوشاری پایتەختە گەورەکان. شارەکان و پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونیان لە ماوەی دەیەکانی رابردودا بە رەوتێکی خێرا بوونەتە (بابەت، کرۆکی) بایەخپێدانی پیشەییانەی من و، توێژینەوە زانستییەکانم و ئەو وتارانەی دەیانووسم و بە بەردەوام لە پۆڵەندا و لە دەرەوە بڵاویان دەکەمەوە، هەروەها کتێبەکانیش، کە هەندێکیان لە هەگبەی مندان، ئەمە ئەگەر ئاماژە بە سەدان دیراسەت و پلاندانی شار نەکەم کە بۆ دەسەڵاتە مەحەلییەکان ئەنجام دراون، کە هێشتا لە پۆڵەندا و لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا لە بواری جێبەجێکردندان.

**لە ئەیلوولی ساڵی پاردا، من ١٠ ڕۆژم بەسەر برد لەگەڵ دیدار گەردی، کە ئەندازیارە و لەسەر بنەمای ئیراسموس دەخوێنێت، کە ئێستا قوتابی دکتۆرایە لای من و نامەی دکتۆرا دەنووسێت لەبارەی ئەندازیاری و پلاندانانی شارستانی بۆ هەولێر**

من زۆر خۆشحاڵ دەبم بە گواستنەوەی ئەو مەعریفەیەی کە لە ژیانی نەوەیەکی نوێتری ئەندازیاراندا بەدەستهاتووە- پلاندانەرانی شار- بۆ نموونە: وەك ئەو زانیارییانەی وەك- بەشێك لە نامەی دکتۆراکانیان بەدەستی دەهێنن، -منیش- وەك پەرەپێدەرێك، هاوکارییان دەکەم بۆ گەیشتن بە ئاستە یەك لەدوای یەکەکانی پیشەیی زانستی ئەم کەسانە. لە ساڵی ٢٠٠٨وە بۆ ٢٠١٦، من سەرۆك دیراساتی دکتۆرا بووم لە بەشی ئەندازیاری لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی وارشۆ. لەو کاتەدا، من توانیم ژمارەی قوتابییەکان زیاتر بکەم کە بوونە کاندیدی دکتۆرا لە ١٢ کەسەوە تا گەیشتە ١٠٠ قوتابی. لە ئەیلوولی ساڵی پاردا، من ١٠ رۆژم بەسەر برد لەگەڵ دیدار گەردی، کە ئەندازیارە و لەسەر بنەمای ئیراسموس دەخوێنێت، کە ئێستا قوتابی دکتۆرایە لای من و نامەی دکتۆرا دەنووسێت لەبارەی ئەندازیاری و پلاندانانی شارستانی بۆ هەولێر، لە نێویاندا مێژوووی تراژیدی و گەشەکردنە گەورەکەی لە سەدەی ٢١دا. بەرەپێشچوونی هاوچەرخی ئێستای هەولێر بریتییە لە بابەتی سەرەکیی ئەم کارە رەسەنە. لە ئێستادا هیچ تێزێکی ئەکادیمی، یان هیچ بڵاوکراوەیەك نییە لەبارەی ئەم بابەتانەوە. ئەمەش جێی داخە، لەبەر ئەوەی بەریەککەوتن لەگەڵ ئەم شارەدا کاریگەرییەکی مەزنت لەسەر دروست دەکات. هەر کاتێك ئەم دەقانە دەخوێنمەوە کە قوتابییەکی دکتۆرای من لە وارشۆ لە پۆڵەندا دەینووسێت، یان لە سیمینارەکانی زانکۆکەدا دەخرێتەڕوو لەبارەی بەرەوپێشچوونی هەولێر لە سەدەی ٢١دا، ئەوا هەموو کەسێك سەرنجی دیمەنە سرووشتییە سەرنجڕاکێشەکانی شارەکە دەدات، و بە مەراقەوە گوێ دەگرێت، لەگەڵ هەندێ باوەڕنەکردن و گومانکردن لەوەی بە راستی شارێکی لەم شێوەیە بوونی هەبێت، بەو دیمەنە دڵڕفێنانەوە. ئەوان لە راڕەوەکانی زانکۆکەدا لە بەڕێز دیدار گەردی نزیك دەبنەوە، و رایدەگەیەنن کە بە دڵنیاییەوە ئەوان ئامادە دەبن لە بەرگریکردن لە تێزی دکتۆراکەیدا بۆ ئەوەی گوێی لێبگرن و سەیری بکەن، لەبەر ئەوەی لە زانا هاوەڵەکانیانەوە دەزانن لەبارەی گفتوگۆکەیەوە - پریزێنتەیشن-. ئەگەرچی بەهۆی زۆرێك لە گەشتەکانمەوە دەزانم- کە ئەمەش پەرۆشی منە بۆ چەندین شار لەم بەشەی ئاسیا لە جیهاندا- کە سەردانیکردنی هەولێر لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨دا تێڕوانینی منی گۆڕی لەبارەی ئەم شارەوە، ئەویش کاتێك دەرفەتم هەبوو بۆ ئەوەی خۆم کۆمەڵگەی کوردی و هەلومەرجی ئەوێ ببینم، من قەناعەتم هەیە بەوەی خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە سەرنجی دەگمەنبوونی ئەو شوێنە نادەن کە لێی دەژین، لەگەڵ ژیانی رۆژانە و پشووەکان و کارکردندا، هەروەها ئەو راستییەی کە هەولێر لەباریدا هەیە، خەونی ئەوەی هەبێت ببێتە هەڵگری ناونیشانی پایتەختێکی جیهانی، بە مەرجێك هۆکارە سیاسییەکان نەبنە بەربەست لەبەردەم هاتنەدی ئەم خەونەدا. لەم روانگەیەوە، من خوازیاری ئەوەم لە خوارەوە چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی هەولێر بخەمەڕوو کە دەگمەنن بە بەراورد بە شارەکانی دیکەی جیهان.

**سەردانیکردنی هەولێر لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨دا تێڕوانینی منی گۆڕی لەبارەی ئەم شارەوە، ئەویش کاتێک دەرفەتم هەبوو بۆ ئەوەی خۆم کۆمەڵگەی کوردی و هەلومەرجی ئەوێ ببینم**

لە یەکێك لە کۆنترین ئەو وێنانەی لەبارەی

هەولێرەوە (کە پێشتر ناوی ئەربیل بووە) لە ساڵی ١٨٢٠ەوە بەجێماوە، کە تەنیا قەڵاکەی تێدا دەرکەوتووە، کە شێوەیەکی هێلکەیی هەیە و لەسەر پانتاییەکی تەختدا دروستکراوە و لە خەلفیەتی وێنەکەدا زنجیرە چیاکان بەرچاون. لە دامێنی قەڵاکەدا هیچ باڵەخانەیەك نییە، لە دەوربەری گردەکە، جگە لە منارە و بازاڕەکە نەبێت. لە کۆتایی سەدەی ٢٠دا، باڵەخانەکان بوونەهۆی ئەوەی نزمتر دەرکەوێت. قەڵاکە- کە پێشتر شوێنێکی نیشتەجێبوونی بەرگریکردن بوو نزیکەی ٣٠ مەتر بەرزترە.... بە بەراورد بە خاکی دەوروبەری... یان بەرزترە لە دەوروبەری خۆی ( ١٠X٣مەتر —قاتێك- = ٣٠ مەتر). بناغەی قەڵاکە تەختکراوە، دوای رووخانی باڵەخانەکان، پاشماوەکانی لەوێدا لانەبراون لەم ناوچەیە، تەنیا تەختکراون و چینی دواتری لەسەر بنیادنراوە. بۆ هەزاران ساڵ، نیشتەجێبووان گەیشتنە بەرزترین ئاستی خاکەکە. لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨دا، من دەرفەتی ئەوەم هەبوو کە لە لوتکەکەیەوە دەرئەنجامی توێژینەوەکە ببینم، لە نێویاندا هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی لە بەرزیی ٨ مەتر لە ژێر چینی سەرەوەی قەڵاکە. پێمان وترا کە لە خوارەوەی ئەو بەردانەی دەرهێنران، بناغەی قەڵاکەیان لێ پێکهاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ هەزار ساڵ، واتە کۆی حاڵەتەکە بۆ ٨٠٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. کەواتە توێژینەوە لەسەر چەندین چینی کراوە. بەڵام کاری توێژینەوەکە لە ساڵی ٢٠١٤دا راوەستا. لە هەمان کاتدا ٢٢ مەتر لە بەرزایی گردەکەوە، کە زیاترە لە ٧ چین لەگەڵ بەشە مێژووییەکەی دەوروبەریدا!!! هێشتا توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە!!!

مێژوونووسە ئەوروپییەکان، ئەوانەی پەرۆشی شوێنە دێرینەکانن و چاودێریی ئەم چالاکییانە دەکەن، تا رادەیەکی گەورە دڵنیان کە چینەکانی دیکەی قەڵاکە هەزارەیەکی دیکەن لە مێژووی مەزنی ئەم شوێنە. لەبەر ئەوەی بونیادێکی هاوشێوە نییە لە جیهاندا کە شوێنێکی نیشتەجێبوونی مەحکەم بێت و ئەم دوو خەسڵەتەی تێدا بێت: بوونی نیشتەجێبووان و بەرگریکردنی پیشەییانە لێی- کە ئەمەش مەسەلەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە سەلامەتی بژی لە بونیادێکی ئاوا بەرزی چەند چیندا، ئەم شوێنە و مێژووەکەی جێی سەرسوڕمانن.

دەتوانیت پێشبینی هاتنی گەشتیاران بکەیت لە وڵاتانی وەك پۆڵەندا، کە تێیدا شارستانیەت دەستی پێکردووە.

مێژووی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٩ و دواتر، لەبەر ئەوەی ئەو گەلانەی لە سەردەم و رۆژگارەکانی کۆندا کۆچیان دەکرد، بەم خاکانەدا تێدەپەڕین، مێژووی کۆنی قەڵای هەولێر دوچاری سەرسوڕمانی دەکردن. لەلایەکی دیکەوە، گەشتیاران لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواوە، ئەوەی پێی دەڵێن ئەوروپای کۆن، کە گەلانی کۆچبەر لە ئاسیاوە پێی دەگەیشتن، تاوەکو لە شوێنێکی نزیکەوە بیانبینیایە، ئەوا زیاتر سەرسوڕمان دایدەگرتن. خەسڵەتی پلانی قەڵاکە لە شێوەی درەختێکدایە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مایەی سەرسوڕمانە، کە پانتاییە گشتییە سەرەکییەکە بە چەشنی قەدی درەختەکەیە، کە لێیەوە شەقامەکان بە چەشنی لق و چڵەکان لێی جیادەبنەوە، هەروەها لەم لق و چڵانەشەوە- شەقامی زیاتر لە شێوەی لق و چڵی بچووکتردا، کە دواتر لقی دیکەی لێ دروست دەبێت. ئەمە تاکە شاری نیشتەجێبوونە لە جیهاندا کە ئەوەندە هەستوروژێن و تایبەت و خاوەن دیزاینێکی ناوازە بێت، ئەویش دەرئەنجامی ئەو راستییە کە پلان بۆ تێکڕای دانەرێژراوە. تەنیا بە گوێرەی پرەنسیپی فەلسەفی ئەفلاتۆن، کە بریتیە لە هەنگاو بە هەنگاو، چین بە چین بنیاتنراوە، کە ئەمەش بۆتەهۆی دروستبوونی شێوەیەك چەشنی درەختە.

هاووڵاتیان ئەو راستییە دەزانن کە قەڵاکە شوێنێکی مێژووییە، لەبەر ئەوەی رێکخراوی جیهانی یۆنیسکۆ خستویەتە نێو چوارچێوەی پاراستنی خۆیەوە. بەڵام شێوەی ئێستای شارەکە چەندین توخمی هەیە کە لە هیچ شوێنێکی دیکە بەدی ناکرێت. لە تێڕوانینی پلاندانەری شارستانییەوە- دیزاینەرەکە سەرسام دەبێت بەو خانووانەی کە تایبەتن بۆ نیشتەجێبوونی تاکە خێزانێك. لە نێویاندا قەبارەی خانووەکان. نەك وەك مامۆستایەکی زانکۆیەکی بە ناوبانگی وەك تەقەنی لە وارشۆ، بەڵکو وەك دیزاینەرێکی بەئەزموونی چەندین لایەنی پەیوەست بە

**مێژووی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٩ و دواتر، لەبەر ئەوەی ئەو گەلانەی لە سەردەم و رۆژگارەکانی کۆندا کۆچیان دەکرد، بەم خاکانەدا تێدەپەڕین، مێژووی کۆنی قەڵای هەولێر دوچاری سەرسوڕمانی دەکردن**

**ئەمە تاکە شاری نیشتەجێبوونە لە جیهاندا کە ئەوەندە هەستوروژێن و تایبەت و خاوەن دیزاینێکی ناوازە بێت، ئەویش دەرئەنجامی ئەو راستییە کە پلان بۆ تێکڕای دانەرێژراوە. تەنها بە گوێرەی پرەنسیپی فەلسەفی ئەفلاتۆن، کە بریتیە لە هەنگاو بە هەنگاو، چین بە چین بنیاتنراوە، کە ئەمەش بۆتەهۆی دروستبوونی شێوەیەك کە چەشنی درەختە**

ناوشار و گەڕەکەکانی نیشتەجێبوونەوە لە شارە جیاوازەکانی پۆڵەندا، پێموایە سەرەتا و پێش هەر شتێك، پێویستە کە پارێزگاری بکرێت، یان چەند ناوچەیەك سەوزایی بە پانتایی بەرفراوانتر دروست بکرێت. ئەمە بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبوون، هەروەها بۆ شەقام و گۆڕەپانەکانیش راستە کە موڵکی گشتیی دانیشتووانەکەین. پانتایی سەوزایی پێویستە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە جیهان، هەروەها پێویستە بەهۆی کاریگەرییەکەی لەسەر تەندروستی دانیشتووانەکەوە.

بیرۆکەی مەزنی دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی بە دەوری شارەکەدا دەبێتەهۆی دروستبوونی ژینگەیەکی تەندروست بۆ ئەو کەسانەی لە کۆتایی هەفتەکان و لە پشووەکاندا گوڕوتینی ئەوەیان هەیە گەشتی وەرزشکردن لە دەرەوە بکەن لە ناوچەکانی دەرەوەی شارەکە. پانتایی سەوزایی و هەوای پاك پێویستن لە شارەکەدا، بە تایبەتی کە نزیك بێت لەو شوێنەی لێی دەژیت، نەك تەنیا لە نزیك شارەکەوە. پێویستە دانیشتووان و بەکارهێنانی دیکەی پانتاییەکانی شار لەمە تێبگەن. پێویستە هەڵمەتی ریکلامکردنیش ئەنجام بدرێت بۆ بەرەودان بە پانتاییەکانی سەوزایی. هەرچۆنێك بێت، پێداویستییەکی دیکە بریتییە لە بوونی سەوزایی لە شوێنەکانی نیشتەجێبوون، لە ئێستادا ئەم شوێنانە نزیکەی لە ١٠٠٪ بینا و باڵەخانەن، ئەمەش دژی تەندروستیی دانیشتووانەکەیە. لە وڵاتێکی وەك پۆڵەندا، کە تێیدا گەرمای هاوین تا رادەیەك کەمترە و ئەمەش لە پلانەکانی پەرەپێدانی پانتاییەکاندا لەبەرچاو دەگیرێت، و رێژەیەکی سەدی لە پانتایی دیاری دەکرێت، کە پێویستە لە روی «بایەلۆژییەوە بە چالاکی» بمێنێتەوە، واتە پانتاییەك بمێنێتەوە کە بتوانێت رووەکە رەگدارەکانی تێدا بچێنرێت.

لەلایەکی دیکەوە، قەبارەی خانووی تاکە خێزانێك بە رادەیەکی زۆر گەورەیە، پانتایی خانووەکان لە نێوان ٥٠٠-٦٠٠ مەتری دووجایە. لە پۆڵەندا، پانتایی خانووەکان بریتییە لە ١٤٠—٢٥٠ مەتری دووجا. هەروەها خانووی ٤٠٠ مەتر دووجا هەیە، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی تایبەتییە. کاتێك لە مانگی ئەیلولدا سەردانی هەولێرم کرد، چەندین خانووی تاکە خێزانیم بینی، بۆم دەرکەوت کە لە میانەی پەرەپێدانی خێزانی گەورەدا، ژمارەی منداڵان زۆر زیاترە لەوەی لە وڵاتی مندا هەیە (٣-٤ منداڵ بە زۆر دادەنرێت)، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی پانتایی زیاتر بمێنێتەوە بۆ بەکارهێنان. هەرچۆنێك بێت، قەبارەی ئەم خانووانە دەکرێت زۆر گەورە بێت بە بەراورد بەوەی لە ئەوروپا هەیە. من سەردانەکەی خۆم بۆ لەندەن لە یادە لە کۆتایی سەدی ٢٠ و سەرەتای سەدەی ٢١دا، کە تێیدا خانووە لێکدراوەکانی تاکە خێزانێك لە نێوان قاتی زەمینی و قاتی یەکەمدا تەنیا ٦٠ سەنتیمەتر پان بوو، کە جانتایەکی سەفەری پێوەنەدەچوو.

ئەو دیاردەیەی لێرە زۆر سەرسامت دەکات، بریتییە لە پەرەپێدانی شار و گەڕەکە نوێیەکانی لەم ساڵانەی دواییدا. ئەمە پرۆسەیەکە کە لە چەندین شاری گەورەی جیهان سەرنج دراوە. خەڵکانی شارۆچکە و گوندەکانی بەرەو شارە گەورەکان کۆچ دەکەن کە تێیدا ئاسانتر کار دەدۆزرێتەوە. دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، ژمارەی دانیشتووانی هەولێر لە سەدەی ٢١دا بۆ ٧ هێندە زیادی کردووە. ئەمەش زیادبوونێکی جێی سەرسوڕمانە. دانیشتووانی ١,٧ ملیۆنن و هاوشێوەی وارشۆیە، کە گەورەترین پایتەختە لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا. لێرەدایە کە دڵنیین هەولێر لە هەڵکشاندایە، بۆ ئەوەی ببێتە پایتەختی گەشتیاری رۆژئاوای ئاسیا. سیستەمێکی گواستنەوەی پێشکەوتووی هەیە. کە بە رادەیەکی سەرەکی ئۆتۆمبێل و تاکسییەکان کاری گواستنەوە دەکەن، هۆکاری گواستنەوەی بە کۆمەڵ، وەك ترام و میترۆ لە پلاندایە، بەڵام هێشتا بەرەوپێش نەچووە. هەرچۆنێك بێت، تۆڕی گواستنەوە کە پێکهاتبێت لە شەقامی ٥ سایدی بۆ هەر ئاراستەیەك، کارایی سیستەمی پەیوەندیکردن باشە و بە دڵنیاییەوە باشترە لەوەی لە وارشۆ هەیە، کاتی چوونە سەرکار و گەڕانەوە دەبنەهۆی قەڵەباڵغکردنی هاتوچۆ، کە جووڵەی ئۆتۆمبێلە تایبەتەکانی دەگرێت.

هەولێر پلانێکی شارستانی هەیە کە شێوەی بازنەییە- کە گەڕەکی گەورەتر و گەورەتر و شەقامی پێکەوەبەستراو لە خۆدەگرێت. پلانێکی ئاسایی شار نییە لە جیهاندا کە ئەوەندە ژمارەی دانیشتووانی لە خۆبگرێت. ئەمەش خەسڵەتێکی

**لە مانگی ئەیلوولدا سەردانی هەولێرم کرد، چەندین خانووی تاکە خێزانیم بینی، بۆم دەرکەوت کە لە میانەی پەرەپێدانی خێزانی گەورەدا، ژمارەی منداڵان زۆر زیاترە لەوەی لە وڵاتی مندا هەیە (٣-٤ منداڵ بە زۆر دادەنرێت)، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی پانتایی زیاتر بمێنێتەوە بۆ بەکارهێنان**

**دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، ژمارەی دانیشتووانی هەولێر لە سەدەی ٢١دا بۆ ٧ هێندە زیادی کردووە. ئەمەش زیادبوونێکی جێی سەرسوڕمانە. دانیشتووانی ١,٧ ملیۆنن و هاوشێوەی وارشۆیە، کە گەورەترین پایتەختە لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا**

دیکەی دەگمەنی پلاندانانی شارستانییەکەیە.

بازاڕێکی گەورە لە دامێنی قەڵاکە و ژینگەکەیدا باڵادەستە. لەلایەکەوە، دیمەنێکی دڵڕفێنە، لەلایەکی دیکەوە کاڵا و سامان و ناوچەی جۆراوجۆریش لەخۆ دەگرێت کە تێیدا فرۆشیارەکان مامەڵە بە کاڵای دیاریکراوەوە دەکەن: ئاڵتوون، میوە، مەنجەڵ و هەر شتێك کە ماڵ پێویستی پێی بێت، بەهارات، بەرگدروو، کەرەستەکانی دیکە، پێڵاو، جانتا، شەپقە، هونەری خواردن. ئەوەی سەرنجت رادەکێشێت، ئەوەیە کە خەڵکەکە بە گوڕوتین و متمانەوە کارەکانیان دەکەن، وەك ئەو خزمەتگوزارییە ناوازەیەی کە چێشتخانە مەحەلییە زۆر باشەکان پێشکەشی دەکەن لەگەڵ ژەمی خۆراکی چێژبەخشدا.

ئەو هەڵسەنگاندنانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لەسەر بناغەی بەراوردکردنیان ئەنجامدراوە بە بابەتە هاوشێوەکان، یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی شارەوە، بۆ نموونە لە شارە گەورە ئەوروپییەکاندا. بینینی چۆن ئەوەی ئەم خزمەتگوزارییانە لە شوێنە جیاوازەکانی شارەکە کاردەکەن، دەرفەتی ئەوەت پێدەدات کە گوزارشت لەم بۆچوونە ئەرێنییە بکەیت. هەروەها شەقامە پڕ لە بازاڕەکانیش مایەی سەرسوڕمانن، بەتایبەتی ئەو شەقامانەی دراوی بیانی بەکار دەهێنن، کە بە بڕێکی زۆری دۆلار لەسەر عەرەبانەی شووشە، کەوەنتەر دانراون و خەڵکانی زمان جیاوازیش بە ئاپۆڕای گەورە هاتوچۆ دەکەن لەم کۆڵانانەدا. دیمەنێکی هاوشێوە ئەمە لە شارەکانی ئەوروپادا بەدی ناکەیت. شوێنە بازرگانییەکان کە هەموو جۆرە ئۆتۆمبیلێکی لێیە، بە مۆدیلی کۆن و نوێیەوە. بیرۆکەیەکی دیکەی مەزن بریتییە لە شەقامی دکتۆر و دەرمانخانەکان لە شارەکەدا- هەموو پسپۆڕییەکانی لە یەك شوێندا. لە شوێنانی دیکە، ئەم خزمەتگوزارییانە پەرت و بڵاون و هەر یەکەیان لە بەشێکی شارەکەن. بەدڵنیاییەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بە تەندروستی لە یەك شوێندا، یا تەنانەت لە چەند شوێنێکی کەمدا، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوەیەکی گشتگیر بیرۆکەیەکی مەزنە و دەبێتەهۆی ئەوەی دانیشتووان ئاسانتر بژین لە ساتەوەختە دژوارەکاندا.

هەروەها دەکرێت چیرۆکەکان زیاتر بکرێن لەبارەی چارەسەرە بێهاوتاکانی ئەم شارە دەگمەنەوە، لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا چەندین شوێن هەن کە دەکرێت بە یەکتربڕی شارستانیەتی ناوزەد بکرێن، ئەمەش پەیوەست دەکرێتەوە بە دەرفەتڕەخساندن بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، وەك چێشتخانەکان، یانەکان، باڕەکان، دووکانەکانی شیرینی و پارکەکان. لە سەرەتای سەدەی ٢١دا، چەند پارکێك لە نزیك یەکدییەوە دروست کراون. ئەمەش هاوشانە بە چەندین پرۆگرام کە دەبنەهۆی راکێشانی سەرنجی ژمارەیەکی زیاتری بەکارهێنەرانیان.

هەروەها کەش و کەلوپەلی بەسەربردنی کاتی خۆش بۆ منداڵانیش دەستەبەر کراون، لەگەڵ دەرفەتی وەرزشیی جیاواز بۆ پێگەیشتووان، وەك تاقگەی سەرنجڕاکێش، لەگەڵ ئەگەری بەکارهێنانی باڵۆن، ئەو هەست و سۆزەی لەبەکارهێنانی تەلەفریکەکانەوە دەکەونەوە، ئاشنابوون بە کەلتور و رێگاکان و پێشانگای پەیکەرەکان، وێنەکێشراوەکان، مۆزەخانەکان، پێشانگاکان، پانتاییە سەوزاییەکان، چالاکییەکانی پەیوەست بە بەسەربردنی کاتی خۆش. هەروەها سەرچاوەکانی ئاو هەن. ئەم ئاڵوگۆڕانە بەسەر پارکەکان و بوونیان بە جێی بایەخی کەسانی تەمەن جیاواز بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم شوێنانە لە ئێوارانـدا پڕ بن لە خەڵکی. بوونی ئەم پارکانە بەم خەسڵەتانەوە هاوشان بە چەندین لایەنی سەرنجراکێش دوایین تەوژمی هاوچەرخە لە جیهاندا.

من قەناعەتم بەوە هەیە کە ئەو هەنگاوە گەورە شارستانییەی لە هەولێر هەڵگیراوە، هاوشان بەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر دیمەنی شارەکەدا هاتووە، ئەوەندە مەزنە کە پێویستە شارەکە لە هێزی هەمووانـدا بێت، پێویستە هەولێر وەك یەکێك لە شارە هەرە گرنگەکانی جیهان دابنرێت و وەك پایتەختێکی رۆژئاوای ئاسیا لێی بڕوانرێت کە لە سەرەتای هەڵکشاندایە. ئەگەر لە روانگەی مێژووەکەیەوە بڕوانین، ئەوا شایستەی ئەوەیە ئەم وێنەیە بگۆڕێت. بەو پێیە، لەو کۆنفرانسە زانستییەی کە لە ئەیلوولی ساڵی رابردوودا رێکخرا لە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر، من ئەم تێڕوانینەم لەبری زانکۆی تەقەنی وارشۆ دەربڕی. لە رێی پیرۆزباییکردن

**هەولێر پلانێکی شارستانی هەیە کە شێوەی بازنەییە- کە گەڕەکی گەورەتر و گەورەتر و شەقامی پێکەوەبەستراو لە خۆدەگرێت. پلانێکی ئاسایی شار نییە لە جیهاندا کە ئەوەندە ژمارەی دانیشتووانی لە خۆبگرێت. ئەمەش خەسڵەتێکی دیکەی دەگمەنی پلاندانانی شارستانییەکەیە**

**ئەو هەنگاوە گەورە شارستانییەی لە هەولێر هەڵگیراوە، هاوشان بەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر دیمەنی شارەکەدا هاتووە، ئەوەندە مەزنە کە پێویستە شارەکە لە هزری هەمووانـدا بێت، پێویستە هەولێر وەک یەکێک لە شارە هەر گرنگەکانی جیهان دابنرێت و وەک پایتەختێکی رۆژئاوای ئاسیا لێی بڕوانرێت کە لە سەرەتای هەڵکشاندایە**

**هەولێر وەک پایتەختی گەشتیاریی ئاسیا، تەنانەت دەتوانێت بە زمانی پۆڵۆنیش لەسەر ئەنتەرنێت لەبارەیەوە بخوێنێتەوە. ئەوەی پێویستە هێنانەدی ئاڵوگۆڕی گەورەیە لە تەواوی شارەکەدا. بە چەشنی ئەندازیار دیدار گەردی- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە بواری ئەندازیاریدا، ئەنجامی دەدات**

لەم بەرەوپێشچوونەوە، ئەوا ئومێد دەخوازم کە لە ئەساڵدا (٢٠١٩) ئەم تەوژمانە لە هەولێر بەردەوام بن و کاریگەریی ئەرێنیان هەبێت لەسەر رازیبوونی دانیشتووانەکەی. شارێك بۆ خەڵکی تەوژمێکی جیهانییە لە ئێستادا، بەتایبەتی لە ئەوروپا و ئەمریکا. ئێمە بانگهێشتتان دەکەین بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە هاوکاریکردن بەم ئاراستەیەدا.

بە گوێرەی یەکێك لە زانای پۆڵەندییەکان، پرۆفیسۆر بۆگدان جاوۆیسکی، بۆ ئەوەی شارێك بە راستی ببێتە پایتەخت، ئەوا گرنگە ئەم ١٠ مەرجەی خوارەوە لەخۆیدا بەدی بهێنێت.

١- توانای ئەوەی هەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاوکاری بکات، واتە شارەکە بتوانێت هاوکاری بکات لەگەڵ وڵاتە دەرەکییەکان لە بوارەکانی بەرهەمهێنان، خزمەتگوزاری، کاڵا و هێزی کار.

٢- توانای داهێنانکاری لە بواری نێودەوڵەتیدا، بە واتای ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت لەسەر خاکەکەی کۆمپانیا و رێکخراوی بیانی و ئەرکی دیپلۆماتی و .. هتد ئەنجام بدرێت.

٣- توانای ئەوەی هەبێت بانك و دامەزراوە و پرۆژەکانی و.. هتد لە دەرەوە کار بکەن.

٤- پەرەپێدان بە هێڵی پەیوەندی زەمینی و ئاسمانی.

٥- پەیوەندییەکی کارا لە رێی بوونی سیستمێکی کارای پۆست، تەلەفۆن، ئەنتەرنێت و گەشتیارییەوە.

٦- بوونی کەرتێکی خزمەتگوزاریی پێشکەوتوو، کە بتوانێت خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە بواری بزنس دەستەبەر بکات.

٧- راگەیاندن و هەبوونی دەزگایەکی راگەیاندن کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی کاریگەر بێت.

٨- بوونی دامەزراوە نەتەوەییەکان لەسەر خاکەکەی، لەگەڵ رێکخراوە ئیقلیمییەکان و ئەوانەی رەهەندێکی نێودەوڵەتییان هەیە.

٩- بوونی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی کە نوێنەرایەتی هەبێت لە شارەکانی دیکە، یان لە دەرەوەی وڵات.

١٠- توانای رێکخستنی بۆنە و کۆبونەوە



نێودەوڵەتییەکانی هەبێت.

دوای ئەوەی لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ سەردانی هەولێرم کردم، من متمانەیەکی قووڵم هەیە کە بەلای کەمەوە نیوەی ئەم مەرجانە لەم شارەدا بەدی هاتوون، کە چەندین جار لە وتارەکاندا ئاماژەیان پێکراوە. یەکەم هەنگاوەکانی پەیوەست بە چوونە نێو بواری نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی بەرچاو و بەهێز، هەڵگیراون.

هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاریی ئاسیا، تەنانەت دەتوانێت بە زمانی پۆلۆنیش لەسەر ئەنتەرنێت لەبارەیەوە بخوێنێتەوە. ئەوەی پێویستە هێنانەدی ئاڵوگۆڕی گەورەیە لە تەواوی شارەکەدا. بە چەشنی ئەندازیار (دیدار گەردی) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە بواری ئەندازیاریدا، ئەنجامی دەدات. هەروەها بڵاوکردنەوەی کتێب و وتار لە ڕۆژنامە جیهانییەکاندا، لەگەڵ پەرەپێدانی ئەندازیاری، پلاندانانی شارستانی تایبەت، هەروەها هەبوونی ئیرادە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ کورد و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری، کارمەند، قوتابی و ئەوانی دیکە. پێویستە کارێك بکرێت کە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی وەك جیهانیبوون و شارەکانی جیهان، کە بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ شارەکان دەکات لەسەر ئاستی جیهان، دەرفەتی ئەوەی هەبێت جوانی و بەرەوپێشچوون و خەڵکە زۆر باشەکەی هەولێر ببینن کە هەوڵ و کۆششی سەخت دەکەن بۆ خستنەگەڕی لقی جیاوازی ئابووری و کەلتوور و زانست لە هەولێردا. ئەم پایتەختە، کە دەبێت بە فەرمی ئەو نازناوەی لێ بنێین، کاریگەرییەکی ئیقلیمی دەبێت. ئایا ئەو خەڵکانەی لە هەولێردا نیشتەجێبوون لە کوێوە هاتوون، ئایا چ شتێك بۆتەهۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە بە ڕاددەیەکی زۆر گەورە زیاد بکات؟ بەرەوپێشچوونی ئەم شارە بە مانای ئەوە دێت کە شوێنێکی باشە بۆ ئەوەی ژیانی تێدا بەسەر بەریت. من ئومێد دەکەم لە ساڵی نوێدا (٢٠١٩) بتوانین بۆ بە پایتەختبوونی هەولێر قەناعەت بە جیهانی دەوروبەری کوردستان دروست بکەین، ئایا پێوستە ناکات مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت؟

**پێویستە کارێک بکرێت کە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی وەک جیهانیبوون و شارەکانی جیهان، کە بە بەردەوامی هەڵسەنگاندن بۆ شارەکان دەکات لەسەر ئاستی جیهان، دەرفەتی ئەوەی هەبێت جوانی و بەرەوپێشچوون و خەڵکە زۆر باشەکەی هەولێر ببینن**



# کاریگەریی میدیا

## بەشی حەوتەم

## هەژموون دروستکردن و بەرهەمهێنانی تاکێکی سڕکراوی بێ ئاگا

ئەڵبەتە ئەم بیرۆکە و تێڕوانینە بۆ کاریگەریی میدیا کۆنە و لە چلەکانەوە مەدرەسەی فرانکفۆرت و پارێزگارەکان باسیان لێوە کردووە و میدیایان بە مەترسی زانیوە بۆ داپلۆسینی کۆمەڵگە و دروستکردنی مرۆڤێك کە نەتوانێت بیربکاتەوە و ئاراستەکراو بێت. بەڵام ئەم مەترسییە دوای بڵاوبوونەوەی میدیای گلۆباڵی و کەوتنە دەستی میدیا لای سەرمایەدارەکان و بوونی میدیا بە میدیای بازرگانی، لەو کاتەوە توێژینەوەکان و پسپۆڕانی بواری میدیا بەردەام بە شێوازی جۆراوجۆر و چەمکی جیاواز گوزارشت لەم دیاردەیە دەکەن. هەڵبەتە نابێت باسی ئەو ڕستیەش نەکرێت کە لە کۆندا میدیای وڵاتە دیکتاتۆرەکان و ئێستاش ئەو وڵاتانەی بە دیکتاتۆری و کۆنتڕۆڵی میدیا لەلایەن دەسەڵاتەوە ماونەتەوە، گەورەترین سەردەمی هەژموونی میدیایی بووە و وایکردووە تاك توانای بەشداریکردنی بە هیج شێوەیەك لە میدیا نەبووە. بەڵام میدیای گلۆباڵی میدیایەکە نەك کاریگەری لەسەر تێکڕای بەها و کەلتووری کۆمەڵگە جیاوازەکان دروست دەکات، بەڵکو تاکێك دروست دەکات کە تاکێکی جیهانی بێت، واتە وەرگرێکی جیهانی دروست دەکات کە لە هەر شوێنێك و هەر کۆمەڵگەیەك دەژی، با بژی، بەڵام هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، ڕەفتار و کەلتووری ئەوەی تێدا دروست دەکات، کە بیکاتە کڕیارێکی جیهانی و بەکاربەر، کە ئەمە وردە وردە دایدەبڕێت لە خاك و کەلتوور و کۆمەڵگەکەی خۆی، ئەوەیە دەبینین مۆدیلێکی جلوبەرگ، خورادن، دابونەریت و ڕێوڕەسم (ئیتر شایی بێت یان بۆنەو...هتد) خەریکە دەبێتە ناسنامەی تەواوی کۆمەڵگەکان.






پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پسپۆڕان پێیانوایە میدیا کاتێك هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، یان لەناو جۆرەکانی میدیای وڵاتێك، یان جیهاندا وا لە تاکەکان دەکات، خۆیان نەتوانن بیربکەنەوە، سڕ بن و داهێنەر نەبن. تەنانەت مەدرەسەی فرانکفۆر بە مرۆڤێکی سڕکراو تا رادەی بێهۆش و کۆمەڵگەیەکی وەحشیگەری باسی دەکات تا ئەو رادەیەی نازناوی «پیاوی ماس»ی بۆ دادەنێت! واتە ئەو مرۆڤەی ماس میدیا پەروەردەی دەکات، چونکە تاك ئارستە دەکرێت، نەك ئاراستەکراو بێت. میدیای هەژموون ناهێڵێت تاك بیر لە گۆڕان بکاتەوە، بەڵکو دەیکاتە بەشێك لە بارودۆخەکە ئەگەرچی تاکەکانیش بارودۆخەکەیان بەدڵ نەبێت، بەڵام میدیا وایان لێدەکات، دەستەوەستان بن لە بەردەم رووداوەکانی رۆژ و ئەو شتانەی میدیا پێیان دەڵێت. بوونی ئەم جۆرە لە میدیایەیە لەهەموو مۆدیلەکانی میدیا، سیاسی، بازرگانی هەستی پیدەکرێت. میدیای زاڵ لە کۆمەڵگەدا کۆمەڵگەیەکی سست دروست دەکات و تاك تێیدا خاوەنی را و بۆچوونی خۆی نابێت، ئەو کاتە ناتوانێت بەشداری دروستکردنی بڕیاریش بێت، بەڵکو میدیا لە بری ئەو بڕیار دەدات، هەر ئەوەیە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ناهێڵن جگە لە میدیای نیشتمان واتە ئەو میدیایەی میدیای خەڵکە و بۆ خەڵك کاردەکات و خەڵك ئەکتیڤانە بەشداری بەرنامە و پڕۆگرامەکانی دەکات، هیچ میدیایەکی دیکە زاڵ بێت، ئەویش بە ئامادەکردنی بەرنامەو پێداویستییەکان و خواستەکانی وەرگرەکان لە کەناڵە نیشتمانییەکاندا تاکو کەناڵە بازرگانی و کەناڵەکانی دیکە هەژموون دروست نەکەن.

# میدالیای کوردستان بۆ داهێنان*

هاووڵاتیبوون بەوە پێناسەکراوە کە تاك ئەندامێکی وڵاتە، شایەنی ئەوەیە کە لە ڕێی ئەو ئەندامێتییەوە دەستکەوتی هەبێت، بە واتا سیاسییەکەیشی ئاماژەیە بۆ ئەو مافانەی کە دەوڵەت لەسەر شانیەتی لەهەمبەر ئەو کەسەی کە ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەی هەیە، هاوکات ئەو پابەندبوونانەی بەسەریدا دەیسەپێنێت، یاخود وەفاداری لە بەشداریکردنی تاك لە کاروباری نیشتمانەکەی و هەستکردن بە ئینتیما.

وا پێویست دەکات کە هەمووان کاربکەن، بەڵام هەمووان وەك یەك نین و دەرناکەون، هەیانە هەوڵدەدات بۆ ئەوەی زیاتر پێشبکەوێت و ڕەوش و تواناکانی چاکتر بکات، هەشیانە پاڵدەداتەوەو دەحەسێتەوە، بەڵام نایەوێت پێشبکەوێت.

هەندێ هاووڵاتی هەن بەشداری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جیاوازی سوودمەند بە کۆمەڵگە دەکەن بە هەموو چین و توێژەکانەوە، لە بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و چاودێریی کۆمەڵایەتی، لەپاڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ناوی وڵات بەرزدەکەنەوە، بۆ نموونە وەرزش و میدیاو ...تاد. هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بە دامەزراندنی سیستەمێك هەیە بۆ ڕێزگرتن لەو داهێنەرانەو هاندانی کەسانی دیکە بۆ کارکردن بە شێوەی جیاواز لەپێناو خزمەتکردنی هەرێم و کۆمەڵگەکەیان، بۆیە ئەم پرۆژەیە پێشنیار دەکەین.

- **«میدالیای کوردستان بۆ داهێنان»**
- **چوارچێوە یاساییەکە:**

پەرلەمانی کوردستان یاسای میدالیای کوردستان بۆ داهێنان لە هەرێمی کوردستان دەدربکات و تێیدا میکانیزم و دەستکەوتەکان و ئەو بوار و مەرجانە بۆ پێدانی میدالیاکە دەستنیشان بکات.

- **میدالیاکە:**

میدالیا بریتییە لە خەڵاتێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی هەرێم بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە لە ڕێی ئەو خەڵاتەوە ڕێز لە تاك و کەسایەتییەکانی کەرتی تایبەت و خەڵك و کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە حکومییەکان بگیرێت، ئەوانەی شوێن پەنجەیان دیارە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و هەرێمدا لەم بوارانەدا: تەندروستی، پەروەردە، چاودێریی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، هونەر، وەرزش، ئاسایش و.. تاد.

- **گرنگیی میدالیاکە:**

گرنگیی ئەم میدالیایە ڕێزلێنانە لە دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگە بۆ تاکەکانی کوردستان، بە مەبەستی هاندانیان بێت تاکو زیاتر پشتیوانیی کۆمەڵگە بکەن، لەپاڵ کاری دامەزراوەیی بە ڕێگایەك کە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا بێت.

- **ئەو چالاکییانەی کە میدالیاکەیان تێدا دەبەخشرێت:**

١. چالاکییەك و کارێکی جیاواز بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

٢. چالاکییەك و کارێك کە ببنە هۆکارێك بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەوانەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە لە ئەنجامی ڕووداو و کارەساتە سرووشتییەکان.

٣. چالاکییەك و کارێك کە ببنە هۆکارێك بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و هەرێمەکە دووربخاتەوە لە ئەگەری مەترسیی کردەوە تیرۆریستییەکان.

٤. چالاکییەك و کارێکی پزیشکی، یان تەندروستی ببنە هۆکارێك بۆ ئەوەی چین و توێژێکی گەورەی کۆمەڵگە لێی سوودمەند بێت و ڕەوشی تەندروستی و پزیشکیی هاووڵاتیان چاکتر بکەن.

٥. چالاکییەك و کارێکی وەرزشی کە ناوی هەرێم لەسەر ئاستی نیشتمان و جیهان بەرزبکەنەوە.

٦. چالاکییەك و کارێکی پەروەردەیی کە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە بۆ هەموو هاووڵاتیان چاك بکات.

٧. چالاکییەك و کارێکی میدیایی کە ناوی هەرێم لەسەر ئاستی نیشتمان و جیهان بەرزبکاتەوە.

ئەمانە هەندێ نموونە بوون: ڕەنگە چالاکیگەلێکی دیکەش هەبن باسمان نەکردبن.



## د.سەباح یوسف ئەلمالح

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**● شایستەبوونی میدالیاکە:**

میدالیاکە تەنیا بەرامبەر ئەو کارو چالاکییە جیاوازو نائاساییانە دەبەخشرێت کە سوودی دیاریکراویان بۆ کۆمەڵگە دەبێت.

**● هەیکەلبەندیی کارکردن:**

هەیکەلبەندیی کارکردن بۆ بەخشینی میدالیاکە بەم شێوەیە بێت:

١. پێکهێنانی لیژنەیەك، یان ئەنجومەنێك بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنجومەنی وەزیران لە کەسانی بێلایەن و ناسراو لەسەر ئاستی هەرێم و ناسراویش بن لە رووی تواناو لێهاتوویی و دەستپاکییەوە.

٢. پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی لاوەکیی پسپۆڕ لەو بوارانەی کە باسکران.

**● میکانیزمی کارکردن:**

١. پاڵاوتن لەلایەن چەند کەسێك و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵە و وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە پێشکەش بە لیژنە لاوەکییە پسپۆڕەکان بکرێت کە هاوپێچ بکرێت بەو بەڵگەنامانەی شایانبوونی کەسەکە دەسەلمێنن.

٢. لیژنە لاوەکییە پسپۆڕەکان لە ناوی بەربژێران و بەڵگەنامە پێشکەشکراوەکان بکۆڵنەوەو ئەو ناوانە هەڵببژێرن کە مەرجەکانیان تێدایە و پێشکەشی لیژنەی باڵای بکەن.

٣. لیژنەی باڵا ناوە پێشنیارکراوەکان لە لیژنە لاوەکییە پسپۆڕەکان وەربگرێت و بیانپشکنێت و بە وردی لێیان بکۆڵێتەوە و لە بەڵگەنامەکان دڵنیا ببێت.

٤. لیژنەی باڵا بە شێوەی نهێنی لیستی ناوی بەربژێران لە هەموو چالاکییەکاندا پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی وەزیران بکات، تاکو بە شێوەی نیمچە کۆتایی بڕیاری لێ بدات.

٥. بەڕێز سەرۆکی وەزیران لیستەکان بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم بنێرێت تا بڕیاری لێ بدات.

**● کات وماوەی دیاریکراو:**

١. پاڵاوتن پێشکەش بە لیژنە لاوەکییەکان بکرێت لە مانگی ئەیلوولی هەموو ساڵێکدا، ئەوانیش راسپاردەکان لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا بۆ لیژنەی باڵا بەرزبکەنەوە.

٢. لیژنەی باڵا لیستێك بە ناوی بەربژێران لە کۆتایی تشرینی دووەم پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی وەزیران بکات.

٣. بەڕێز سەرۆکی وەزیران لیستێکی نافەرمی بە ناوی بەربژێران پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بکات، تاکو بە شێوەی فەرمی بڕیاری لێ بدات.

٤. بەڕێز سەرۆکی هەرێم بڕیار لەسەر لیستەکە بدات و لە وەقایعی کوردستان لە مانگی کانوونی یەکەمدا بڵاوبکرێتەوە.

٥. سەرۆکایەتیی هەرێم رێوڕەسمێکی تایبەت بۆ ئەم بۆنەیە لە دواهەفتەی کانوونی یەکەم رێکبخات و تێیدا سەرۆکی هەرێم میدالیاکان ببەخشێتە بەربژێران.

**● باری نائاسایی:**

١. دەکرێ میدالیا ببەخشرێتە ئەو فەرمانبەرانەی لە دامەزراوەکانی حکوومی یان نیمچەحکومیدا کاردەکەن دوور لە بواری پسپۆڕییان کە مووچەی لەسەر وەردەگرن، بەمەرجێ کە دەستپێشخەرییەکان، یان خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە گەورەترین توێژی کۆمەڵگە بکرێن.

٢. میدالیا بەخشراوەکە لە کەسەکان وەربگیرێتەوە، ئەگەر ئەنجامدانی تاوانی ناموسبەر، یان بەدڕەوشتی، یان بەهەدەردانی سامانی گشتییان لەسەر بسەپێندرێت.

دەتوانرێت ئەم پێشنیارە دەوڵەمەند بکرێت لەمیانی بەشداریکردنی پەیوەندیدارو پسپۆڕانی ئەم بوارە.

---

*** لە ژمارەی رابردوو وێنەی بەڕێز د.سەباح یوسف ئەلمالح بە هەڵە دانرا بوو، بۆیە دووبارە بابەتەکە بڵاودەکەینەوە.**